

# بژیو

[کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی]

نووسینی: سەلیم حەقیقی
ئامادەکردنی: ژیان بەهرامیان

بژیو ■ [کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی] ■ نووسینی: سەلیم حەقیقی ■ ئامادەکردنی: ژیان بەهرامیان ■ ٢٠٢١

# بژیو

(کۆمەڵێك دەقی ئەدەبی)

ooo

نووسینی: سەلیم حەقیقی

ئامادەکردنی: ژیان بەهرامیان

٢٠٢١

مافـی چـاپ و هەمـوو مافەکانـی
تری ئـەم کتێبە بۆ نووسـەر پارێزراوە.
هەرچەشـنە کۆپـی کردنێـک لـە
بەشـێک یـان هەمـووی ئـەم کتێبە،
بە شـێوەی چـاپ یـان مایکرۆفیلم،
بێ ئیزنی نووسـەر قەدەغەیـە. ئاماژە
و لێگێرانـەوە، بـە مەبەسـتی ڕەخنە و
هەڵسـەنگاندن ڕێگەپێدراوە.

# بـژیـو

**(کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی)**

•••

نووسینی: **سەلیم حەقیقی**

ئامادەکردنی: **ژیان بەهرامیان**

وێنەی سەربەرگ: **پەیکەری قەرەج** / بەرهەمی **هونەرمەند شۆڕش ئاهی**

سالْ و نۆرەی چاپ: **٢٠٢١ - چاپی یەکەم**

گەڵاڵەوێنەی ڕووبەرگ و ناوەوە: **ژیان بەهرامیان**

دەزگای چاپ: 49 Plus Books - **سوێد**

---

# BIJÎW

•••

Author: **Salim Haqiqi**

Collecting and Graphic design by: **Jiyan Bahramian**

Cover photo: **Gypsy statue** by **Shorsh Ahi**

First Edition: **2021**

ISBN: **9789189439047**

Printed by **49 Plus Books - SWEDEN**

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| شێعر | ٧ |
| بۆریشکەی کانی / یادێک لە «خەوە بەردینە» | ٨ |
| شەماڵی خاکەلێوە | ١٤ |
| گوڵم | ١٦ |
| بۆ پەرستارێک | ١٧ |
| وڵامێک بۆ دۆستێک | ١٨ |
| پەخشان | ١٩ |
| پرچی مێژوو / ئایەتی خۆشەویستی | ٢٠ |
| لە مێژووی بێشکەی منالیم دا | ٢٣ |
| من چیم لە تۆ دەوێ؟ | ٢٧ |
| گوڵە شیلانی سیس هەڵگەڕاو | ٢٩ |
| دلۆپە فرمێسکی ناو ڕێژنە بارانی لە خەم خەڵتاو | ٣١ |
| شرۆڤە | ٣٣ |
| شاژنی چیاکان | ٣٤ |
| بۆ مارف ئاغایی، مامۆستام! | ٤١ |
| سەفەرێک بۆ هۆنراوەکانی حەزرەتی نالی | ٤٥ |
| کوێخای قەرە | ٥٢ |
| وتار | ٥٥ |
| کورد، لە گەمەی نێودەوڵەتیدا | ٥٦ |
| ئاسایشی نێونەتەوەیی (١) | ٦١ |
| ئاسایشی نێونەتەوەیی (٢) | ٦٦ |
| بۆ بەڕێز شاعیر و ڕۆماننووس بەختیار عەلی ... | ٧١ |
| بۆ مەلا عەلی قەرەداغی | ٧٤ |

# پێشەکی

هەر کاتێک بەردەنگ یان خوێنەر چێژ لە دەقێک ببینێ، ئەوە ئەو نووسراوەیە سەرکەوتووە و تەنانەت بە ڕەخنەگرانی ڕووخێنەریش ناشکێ! کورد لە بەستێنی وێژەدا و بەتایبەتی لە ژانرەکانی وەک ڕۆمان، چیرۆک، شێعر و پەخشان و ... دەوڵەمەندە و توانیوەتی بەرهەمی زۆر باش بخولقێنێ کە دەتوانێ شان لە شانی شادەقە جیهانییەکان بدا. تاکی کورد لە هەر چواربەشەکەیدا لەگەڵ دوو چەمک زۆر ئاشنایە و تەنانەت دەبێ بڵێم بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەری داهاتووە و هەندێک شتیشی بەسەردا سەپاوە ئاوێتەی ڕوح و ژیانی بووە، یەک: سیاسیەت. دوو: ئەدەبیات.

منیش وەک تاکێکی کورد لەم نەریتە بێ بەش نەبوومە و هەرکام لەم دوو بەشەم لە خوێن دایە. ئەوە بەو مانایە نییە کە تێیاندا سەرکەوتوو بوومە یان خۆم ڕابێنم و پێم وابێ زۆر شتم کردووە، نا؛ بەلام ئۆگری نیشتمان و ژێر دەستیی وایکرد ببمە پێشمەرگە و هەژار گوتەنی «بوغزی عەجەمم لەگەڵ شیری دایکم مژتبوو»، لەلایەکی دیکەشەوە ژانری شێعری شاعیرانی کلاسیک و نوێی کوردی وەک هەموو کەسێک تانوپۆی ژیانمی داگرتبوو و لەگەڵیان گەورە بووم و فێری زۆر شتیان کردم. جا منی تاراو لە شۆرش و زویر لەم تاراوگە بێ کەسەدا، هەموو نەهامەتی و خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانم

بە قەڵەمێکی کوڵ دەنووسمەوە و وەک مناڵی بێشکە لایە لایەیان بۆ دەڵێمەوە دڵم پێیان خۆشە. ئەوەی من لەم چەند ساڵەدا نووسیومە جگە لە خۆشەویستی بۆ زمان و مێژوو و کلتووری گەلەکەم نەبێ هیچی دیکە نییە و هیچ چاوەڕوانییەکیشم لە هیچکەس نییە تەنیا ئەوە نەبێ، بەرهەمەکانم بەبێ ڕق و کۆنە قین بخوێندرێنەوە و خوێنەر چێژیان لێ وەرگرێ، بەڵکوو لەم نێوەشدا شتێک کە قازانجی هەیە لێی هەڵکرێنن.

ئەم کۆمەڵە نووسراوەیە کە ناوی «بژیو»م بۆ داناوە پێشتر لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووتنەوە بەڵام لەسەر پێشنیاری بەشێک لە دۆستان و هاوڕێیان بە هاوکاری و یارمەتی هەمیشەیی هاوڕێی بەئەمەگ و خۆشەویستم کاک «ژیان بەهرامیان» کۆ کردووتەوە و بڵاوی دەکەینەوە بەو هیوایە خوێنەر کەڵک و چێژی لێ وەربگرێ.

سپاسی بێ کۆتایی کاک «ژیان بەهرامیان» دەکەم کە هەمووکات برایانە بەهانامەوە هاتووە و هاوکار و یارمەتیدەرم بووە، هەروەها سپاسی هونەرمەندی بەڕێز و تێکۆشەری دەروەست کاک «شۆرش ئاهی» دەکەم کە وێنەی ئەو پەیکەرەی کە تایبەت بۆ منی خولقاندبوو، نارد و منیش وەک ئەمەگێک کردمە وێنەی ڕووبەرگی «بژیو». سپاسی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کە لەو ماوەیەدا هانیان داوم و پشتیان گرتم.

*بە سپاسەوە سەلیم حەقیقی*

*٢٨ی ڕەزبەری ٢٧٢١ی کوردی*

# شیٔعر

## بۆریشکەی کانی
## یادێك لە «خەوە بەردینە»

**وەکوو مرۆڤی کوردی دەستەمۆ**
**کوردی شلاڵ لە خوێن و گزی و درۆ**
**تەژی لە مێژوو، دیرۆکی کەونی پڕ دهۆ**
**لە ئەشکەوت و بنار و دوند و نێو ڕووبار**
**بەستە و مەقام و بەیت و لاوک و گەلۆ**
**قۆجی بەری سمکۆڵ و تاودانی نیشتمان**
**خەیاڵ شنەی شلکە شەماڵ و تینی ژین**
**منی تەنیا، لە کەسکی سووری ئاوات**
**بەپێ ڕێی ئاواتی ئەوینی کچێکی جوان**
**لەجێ ژوانگەی مەوبەدی مۆغی تاساو**
**چغووری «اظهر من الشمس»ـی دیرۆک**
**بەسەر گەل و ئاخی «میتان» و «سۆبار» و «مید»**
**بە بەرگ و پرچی تاڤگە دەرژێ**
**لە گەڵ کلوو نمەی ساوی شەتاو ئەچێ**

❊❊❊❊

**درنجی «ئەکومەن» ئاوی کووڕ قەتیسی سنوور**
**لە تەوێڵی مانگەشەوا «سپنتا» شەبەق ئەدا**
**بەرەو دەریا، ڕکێفی هەسپی «میترا» تاو دەدا**
**نێرینی «ماننا» بەردتاشی «سوورداش» فرمێسکی «ئاوێستا»**

**دەراوی ئەنگوستەچاوی شەوی «مەزدا»**
**بە تیشکی بۆری بووردە گەڕی چۆپی**
**لە بەر پێی خونکاری دەلال دەچرێ**
**سەری گۆنای بێستان**
**لە چەشنی چیا دەڕژێ کانی**
**بە قوژبنی سووچ و گەزنە سەراسەر**
**تنۆکی زاوەر ڕێژنەی باشار**
**وەکوو بزەی ئاڵی «ئەنکیدۆ»**
**بەژن زراڤی جندی چەلەک، کیژی شیرن**
**کەوشەنی دڕی سوڵتانی خێو**
**ئادگاری پیس، تارای ڕەش، بزەی تاڵی خۆیا**

❊❊❊❊

**وەکوو خوڕەی چەم ئاوەز و عەقڵی بڕیوە**
**مێوژی ناسکی سەر شەمامەی دێ**
**بۆنی ئاخ و هەناسەی کیژی کورد**
**بە دەم بلوورینی تەنکی ئاڵ**
**لە ئەنگوستەچاوی زیزی سێحراوی شەو**
**بەکوڵ نەرمە بزە مەییوە**
**لە ژێر ڕەشماڵی ئۆلی وێران و چڵێس**
**هەتاو ڕووی خۆی هەڵدڕیوە**
**تریفەی یەخسیر کردووە دیلی ڕووزە**
**بەسەر داوێنی نیشتمان ڕاکشاوە**
**بەراتی ئەو، قوربانی ئەهوەنی جەم**
**ئاواتی بێداوی شلێرەی سوور لەسەر دوند**
**ئەبەخشی هیوا دڵی گەش بووکی سوور**
**ژیان وێنا دەبێ گڕی ئامانج و شایی**

❊❊❊❊

وتیان چیا تانجی خونکاری لەسەرنا
هەتا برکا سۆما، کەژ و دوند و لوتکە
لە هاتن و ڕامووسان
بە گۆڤەند و ڕەشبەڵەک سەما ئاوێتە
لەبەر هەیڤی چاردە وەکوو ڕوخساری یارێ
مینانی قاسپەی کەوی کوێستانێ
بەستەی بلاوێنی شەماڵی شۆخ
هەموو بنار و پێدەشت و دۆڵ دەپیوێ
لە ناو دەمارانم وەکوڵ دێ شایی هیوا
مزگێنی کۆتایی شەو و کازێوە دێنێ
دەمی تەنیا ئۆغری ڕووت
گەیشتە بەر داری ئۆمێد و هەویا

❊❊❊❊

ئاوایە ڕێگا
سەوزەو مێلاقە و سوێسن
کاتی زۆزان بەردەبێری دەچەقن
ڕانی ئاوات ڕێچکەی کانیاو دەبەستن
کە شوان نادیارە و خاوەن غەوارە
هەوێز ژاکاو دەبێ
لە بۆریشکەدا ئاویلکە دەگرێ
هیوا لە دڵی ئەویندران دەمرێ

❊❊❊❊

**لە سەرمای بەستەڵەکدا، چلوورە**
**هاوێری کۆڕی ڕەوەز قەندیلە**
**کەژوانێک سنوور و کەوشەن دەبڕێ**
**بەبێ شەکەت گزی و فیڵ، ئاوات دەچڕێ**
**وەکوو ڕنوو دادەگرێ نشێو و دۆڵ**
**قەڵاو لغاو دەکرێ**
**لە بەندی مرۆڤی جوان**
**دەبێتە تەپک و تۆڕ، هاوار دەکا، زینوو دەشکێ**
**لەبەر تاوێک دەدۆڕێ دەچەمێ دەبوغزێ**
**بەکاتی هەڵوەرینی گەڵایەک**
**گڵی سوورم ئاماڵ زەرد دەبێ**

❊❊❊❊

**وەکوو کانی گڕاوی بەختی گڕوێ**
**بە لەشما هەڵگەڕاوە**
**بە تاسەی ئەو لاسارە بڕاوە**
**مێژووی هەرماوی کانیاوێ**
**ئاورگەی جەمی توخمی مرۆڤێک**
**لە حەسرەت تیری غەمزەی مەمی زین**
**بە چیرۆک و دیرۆکت دەنازین**
**لە دیوەخانی وەها ماڵباتە**
**سەری بەرزم جیهانێ دادەگرێ**
**لە گەڵ شەوقی هەتاوی دەمی نەورۆز**
**بە هێزی پێی کاروانێک**
**لە بۆریشکەی خەیاڵ ئاماڵ ڕابوونی خاک**
**لە کارۆخ، بە شاهۆ و ئاگری**
**وەها گۆش دراوە هزری تەنیوە**

**گیان و ماڵ و سەر و دین دەدا**
**کە گرکان ئەهوەن دەبێ زویرە**
**بەڵێ گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ**
**لە بۆیە ماتەم و شین دەگرێ**

❊❊❊❊

**فرە چیمەن لەو چیایە ڕاخراون**
**لە تینوا وەک پەرێز ویشک و زەرد**
**لە بۆسەی درک و زی پەرژینی بەرد**
**بە قاقای ڕەش گەمەی پەڕەسێلکە**
**ڕووتەن و قاقڕ**
**گەمارۆی بزەی زەردی دراوە**
**دەرفەتی شەوبازی بێریان**
**سینەی بە تیری چڵکنان پێکراوە**

❊❊❊❊

**کە ڕووبار بەبێ ماسی دەبینم**
**دوانەی خەباتکاری ڕۆچوو**
**بە گەرداوی لوول و پەشێو دیارە**
**وێنەی هەتاو ڕووشاوی ئازار**
**لەکاتی نوقم بوونی بەناو قۆپی لێڵ**
**نەخێر: ئاسۆی ئاواتی من ڕوونە**
**بەڵێ: ئەگەرچی ڕێگا تووش و چەتوونە**
**ئەزانم**
**مرۆڤی بێ هیوا دەمرێ هەزار جار**
**وەرە دادە ئەوە بەشی ڕۆژگارە**

ڕاوچیان بەژنیان تەڕە
ئەوانەی سەرپەڕن، پێشەنگن
لەگەڵ هەوراز و نشێوا دەجەنگن
شوێنی مەبەست تەلانە، هەڵدێرە، ئەستەمە
پشوو لە سەرخۆ پێوانی ڕێباز
بە ئاموورى دەستەچیلەی سوار
لە بەیداخی سێ ڕەنگی سەرچۆپی
ڕاوەستاوە خۆڕاگری مشوور
بەباوەڕ هەڵدەستێتە سەر پێ، لە بەرزان
تەواری بەرهەڤ ناکەوێ بە تیران
کە نەفرێ بۆ قووچکە و ترۆپکێ
قالاوی بەدفەر لەسەر مەیتی هەڵدەنیشێ
شەتاوی سڕ قەت ناوەستێ تینوویەتی دەشکێن

# شەماڵی خاکەلێوە

ئیتر ناتبینمەوە قەت شەماڵی هەست بزوێن
شنەی گەرم، خولقێنەری شەتاو
نامەبەر، هێزی جووتیار، سێوی سوور
ئێستا کە گریانیش هەر هەنیسک دێنێ و ڕووبار دەڕژێنێتە زەریا
هەتا خەم هەتەر بکا حەسرەت
لەم غوربەتا ئازادی، ماف، یاسا مل کەچ دەکا
بەڵام، بۆنی شەماڵم لێ کپ دەکا
ئەو نەما هەتا کوڵ کا دڵی کوشراو و لەدەست چووم
هەتا هەتەر کا، دوورم، زێدی یارم لەکیس چوو
نیگام چەندە دەسووڕێنم
نابینم
مانگ و خۆر و هەسارەکان
غەوارەن، نامۆن
بۆنی گیا و ڕەنگی ئاو تامی خەم
دەنگی بێ بزەی زار
ئۆغرم زۆرەملێ و دژوار
گەڕانەوە ئەستەمتر
چاوەکانم یاریم ناکەن، سۆما تاڕ و لێڵ
شەو باریوە بەسەر خەیاڵی خۆشی ڕابردووم
بێ مانا کل دەڕێژن
سست دیمەن دەهۆنەوە

**دەستم وێڕا ناگا، کورتە ئاوەز**
**بالاخانەکان پڕن لە دز**
**بەرژەوەندی مانای هەیە**
**مافی هەژاری نیشتمان**
**گەزوو گەزوو قوت دەدرێ و ڕەنگی شەڕابی چاوی کرێکار، دەخورێتەوە**
**تانج و تەختی پڕ لە خوێنی تاسەبار**
**پادشاهی ملّکی ون بووی نادیار**
**دوو بە دوو و سێ و چوار، دادەدرِن مێژووی خەفەت**
**هەستی بێگەرد، بێ مەیلی خەبات**
**بەهاریش هات و دێت، تۆ هەر مەندی بۆگەن**
**پێت دەجێ پێی، شێری ژیان**
**باڵ شکاوی، چەنگ بە پێستی داڕووشەکاو**
**ئێستا کە دەرمانی ژانی من**
**تەنیا خۆری ڕۆشنە**
**هەموو شوێنەک ئەنگوستە چاو**
**دەسوورێم شەو و ڕۆژ بەشی من هەر لای زریان**
**ورەو و هیوات ستاند**
**تاقەتم نەما**
**بۆ گەیشتن پێت، چیتر شەماڵ ناهۆنمەوە**

# گوڵم

**گوڵم**

**کە تۆم بینی گرێ پووچکەی دڵی تەنیام،**
**بۆتە تەنافی سێدارەی هەستم**
**دەشتی قاقڕی تینووی خۆشەویستیم گەشایەوە**
**ئێستا، بۆرێشکەی پێکەو بوونمان**
**مزڵی لە ناو دڵمدا هەڵچنیوە**
**من و تۆ بێ نیشتمانتر لە با**
**بێکەستر لە بەفر و تەڕتر لە باران**
**گڕووی دڵی بێکەس و خەمگینیم نالاوێتەوە**
**سینگت بکە بێشکە و پرچت دەسرازە**
**بمبەستەوە بە خۆت**
**توند، هەتا هەتا هەتا ...**

## بۆ پەرستارێك

چەند دڕکێکی تیژ لە مەودای نێوان
ڕیحانە و هێرۆ
دەبنە بەکرە شوڤارە و
گوڵی ئامالْ پەمەیی زویر دەکا
لە ڕاستیدا
پەرژینی سەما و برد و دار و دڵ
بینای ئەوینێکی ڕاستی دارماند
جەستەی تینوو و ماندووم
شەکەت شەکەت
چاوەنۆڕی
دەستی دلۆڤان و پەڕی تەنکی نازدار پرستارێکە
کە کاولاش و وێرانە دەبێتە پەناگەی ڕاز و ڕوحت ئۆقرە دەگرێ
منتش لە ناو قەفەسی سینە لە پەنا کۆشکی دڵ خوێنی کەسکت
ڕادەکێشم
لێم ببورە
زویر مەبە
من ساڵانێکە بەو ژوانە ڕاهاتووم،
چەند وشەیەک دەمباتەوە غەریبی
ساڵەهای ساڵە فرچکم خەم و نانم فرمێسک و خەندەم هەنیسکە
سەرباری هەموو دەردانم
فریام کەوە، فریام کەوە

**کەرەمکە بڕستی خامە**
**سینگم بکێڵە، بە نێوان گڵی ڕەش و سوور**
**لە سەر کانیاوی هەناسەی ساردم،**
**شەتاو بکە بە مەززەی تاڵ،**
**تاڵی سپی بهۆنەوە کەزیەکانم**
**سەری قەندیلم بە پێنووست شەهید،**
**پەساپۆڕتی سنوورەکان بدڕێنە**
**من قەرەجم وەکوو با بێ نیشتمان،**
**ژینم ژێ و پشووم با،**
**ڕاناوەستم دەژەنم هەتا بەیداخی ئازادی لە سەر سنوور دانەکوتم،**
**دەسووتێم هەتا یارانم، ڕووناک! من قەرەجم**

سەلیم حەقیقی

# پەخشان

# پرچی مێژوو
# ئایەتی خۆشەویستی

مرۆڤێکم کە بمپشکنی خاڵێک لە جەستەم نابینی برینی پێوە نەبێ، دەمارەکانی دەروونم پساون و جەرگم شەڵاڵی خوێن و سییەکانم خوێن و گورچیلە و دڵم خوێن هەر خوێن لە هەناوم مەیبیوە، ئەوەندە سنەم خوێناوی ئەوەندەش مێژوو، مینانی قەڵا لە دەوری تەرمی تەمەن دەسووڕێم و دیرۆک دەلاوێنمەوە هەتا گڕوو نەگرێ وەک منالی بێشکەی دڵم کاتێک دەگەڵ شیری دایکم خەمی نیشتمان دەچێژم و بە هەنیسکی ڕقی پیرۆز مەند دەبوو، ئەودەم ٥٩ گوڵە شلێرە سەریان هەڵقرتا دڵی سیسی نیشتمان لایەلایەی بۆ هەزاران بنە شلێرە دەگوتەوە و ڕایدەژاندن، لاواندنەوەی لەبەر بێر و چیخی موزگانی پۆڕێک شیلان بە گوڵە بچووکە سپییەکانی بۆنێکی بەهاری دەدایە دەستی شەماڵ و ئەویش دەیبردە قەندیل و لەوێشەوە بەرەو سابلاغ و کۆلان بە کۆلانی کوردستان گەڕە لاوژەی پێدەچڕی.

کاتێک لە نێوان دوو ئاوایی ملکی بیرم قوچاخ بە قۆپی و مێرگ و مێشە دەخوشیم دەگەییشتمە سەر گادەر، ئەوەندە مووسا دەبووم بە گۆچان شەتم دەکرد پێشم دەگرت و ڕامدەسپارد لە زەریای ویشک و سوێر لامەدە بە ژێر ئاخا تاو بدە دەشتێک بکە پێخوست و لە کارێزی ئەوین سەرچۆپی بگرە و دۆی چەلەنگی چاوجوانی ناسکی شەنگ و دڵبەری شۆخ و دڵگر و وڵێو شێوەشیرنی چەلەک بگرە دەست و سەمای هەڵپەرکێ بەچاوی دەزبڕ و خاپینۆک دادە ئەوانەی ڕۆژێک کوڕیان لە وێنەی

تۆدا شک دەبرد و تێچێن و شۆفار و بەکرە هەناش و زیران و گوێ بەل دەکەوتنە گیانت هەتا بۆنی عەتری گوڵی سپی جندی خاڵخاسی ڕند و خرنگی ڕووپەری یەڤەن دڵگر و شیاو، بۆگەن بکەن. تۆی ئەوەندە نازدار بەچاوی بەدکار بە سیلەی کۆن مێشکێکی گەنیو خەرفاو لەناو پاناوی دیوەخانێکی ڕازاوە بەڵام کوڵکن. ئەوەندەم حەز لێتە وەک منداڵ بە بێشکە وەک سێو بە زریان وەک گەڵا بە دار و وەک گوڵ بە گڵ و وەک بۆن بە هەناسەکانت! تۆ هەموو بیری منداڵیی منت زیندوو کردەوە کاتێک ڕوندکی کل ڕژاوت هاتە سەر گۆنا و مشتێک دڵی خوێناویت بە پۆڕێک شیلانی دەم کانی سەر ڕەوەزی چخووری سەوزەڵانی پڕ لە ئەوینی و حەز و مەیل و هۆگری پێشکەشی من کرد و منیش ئاوێتە بووم لە هەناوی حەقیقەتێکی شاراوەی تێرامانی چلەکێشی ڕێبازێک و هاتمە سەر ئۆلی باوەڕ و لە خانەقای عەرشی قورشی تەختی ئاسمان دەم لە ناو دەم زکری ڕۆژە دژوار و ئاستەم و ئاز و سەخڵەت و چەتمان دەکرد کاتێک پیاڵەی سۆفی بە تەلیلەی ئاوی کەوسەری شەڕابی خەستی هەزار ساڵەی مێژوو دەهۆندەوە، ویستی کردگار هاتە دی و لە پەنا گۆڕستانی خوێناوی سینگت بارگەم داکوتا و بوومە خاوەن ماڵ! بەلام چ هێلانەیەکی شێواو و پەشێو بوو، دڕک و زی ئەنگوستیان دەمژی، خەرتەل چڕنووکی دەخستە ناخی هەنیسکت و زێروو هەناسە و ئاواتی دەمژتی و هەرزەیەکی بژار لەسەر پشتت ڕەگی داکوتابوو.

نەستم لە پردی ئایشەخان بەجێماوە گۆمێکی مەند و مۆڵگەی هاوسێ، کە باران دەباری تەڕ تەڕ دەچۆڕاوە فرمێسکی چاوەکانم و دەڕژایە ئەو ڕووبارەی مەنزڵگەی تۆی دەهۆندەوە، پێیەکانم لە هەموو نیشتمان هەر وا دەڕۆن، ڕێ دەپیون دەچنەوە بن قەڵاغ و سەر قەڵەمە و سەربان و سەرگوێلکە و سەرجیخون و سەرکانی و سەرئاو و سەرما و سرسڕ دەبوونەوە شل شەکەت شێواو دەخزامە

کورسیلە، ئەوەندە یادت دەکەم پڕ بە سییەکانم ناتوانم تاو و تین و پرزە بدەم، شەقێک لە بەختم دەدرێ هەڵدەدێرم بەڵام ئەمجارە نەگلیام، ئەوەندە پڕم لە مێژوو سینگم هەوری و هەموو خەفەت و خەمی نیشتمانی ڕاکێشاوە ئەوەندە قورسم لە تاسە و حەسرەت هەموو ئاخی گەل بۆکرووزی هەڵقرچاوی سووتمانی ئاسمان هەڵدەگرم و جانتا و خێڵخانەم ڕکیش دەکەم هاوتەریب وێکڕا بەردەبێری شانت و قامەتی ڕاوەستاو و بیچمی ڕازاوەت چوست شادی دەزێنێ.

قوژبنی دیوەخان مزڵی دڵتەنگییەکانت بوو کاتێک باران دەباری وەک کوێران مژێکی تاری ئەنگوستەچاو ئادگاری منداڵیت دەشەوتاند و حەسرەتێکی نەزانی بێ ئاوەز گەوجی گەلحۆ پێکەنینی پەپوولەی لە ئاوێنەی دزێو و دێوەزمەی بیری نەشیاوی ناشیرن و ڕووزە دەدی. لە جێ پێت گوڵ خونچەی شاری شنۆ ماچ دەکات، پیاسەکانت لەسەر پردی سوور و باغی گۆڕانی سەوزەی کەسک و شین دەچڕێ ئەو کاتەی تووشی دێوێکی چاوچنۆکی بەدفەڕی منداڵ دەبییەوە و بەغوربەت ڕایدەژێنی دەیلاوێنییەوە ئەو بژارەی وەک فریزوو بینەقاقای گرتبووی هەتا بزەت ببێتە بوغز و گڕوو کلوو کلوو بباریێتە سەر جەستەی چاوەکانت.

هەنووکە شیلان و شەو بەختێک سپی دەکەن، مێژوو دەزێ لەناو بزەی شاییی من و تۆ بەوێنەی شەوقی شەوارەی مانگی دێ دەڕژییە ئەشکەوتی ڕابردووم و پرچت دەهۆنمەوە کەزی دادێنم قفڵبەندی دەکەم لەناو بەندی دڵم.

## له مێژووی بێشکەی منالّیم دا

لە مێژووی بێشکەی منالّیم دا، یادەوەری ئەو ڕۆژانەی زەوی نیشتمانم دەکردە مەیدان و لەنێو چرپی هەلّپەرتاوی باغ شوولکێکی ناسک و تەڕم هەلّدەگرت، دەڕۆیشتم سەرمەستانە وەک کەشتییەکەی نوح هەرچی ئاواتە هەلّمدەگرت و بەرەو بۆنی گولەباغی دەم کانی خەیالّەکانم دەچووم. لەو ناو بەرد و دار و گیا و زەمەند، بۆنی گلّ، تێکەلّاوی تیسوو و وێنجە و سێوەڕەی خوناوی، شەقم لە پەیتووکە دەدا و لەگەلّی هەلّدەفریم بەرەو ئاسمانی حەزە نادیارەکانم دەستم بە چلّە دارێکی هەنار دەگرت و دەمم بە مەمکییەوە دەنا و ژەکی هەرماویم هەلّدەمژت، دڕدووکی خوێناوی دەبووە شەراب و سەرخۆشی ڕێگا هەتا هەتەر کا ژیان و ژیان و ژیان ... مەستانە مەستانە کەزی زەردی گەردەنی زراقی هەسپم دەگرت و لەسەر پشتی تاسە دەئاژوتم، شەوانە بارتەقای ئەستێرەکان پێدەکەنیم خەم دایدەگرتم دەتاسام دەترسام دەحەبەسام لەو هەمووە ئەفسانە و چیرۆکانەی دایکم، کاتێک سەنیرم دەستی دایکم دەبوو و غیرەت چاوی باوکم، شەپۆلی بیری منالّی تیژ دەگەڕا و ئێستاش بەوە زیندووم هەناسە دەدەم، چ خێرا ئەو ڕۆژانە بوونە تراویلکە و لەیلان، دوور دەدرەوشێنەوە و لە نزیک نادیار دەبن، چەندە زوو منالّیم نەما و ئاخی نیشتمان و خەمی خاک مێشکی داگرتم چەندە زوو گوێ پڕیشکێنێ و هەلووکێن و گۆییێن، هاژەی ڕووباری گادەر، سێبەری مزری دارە گێوژ چیمەن و کانی و

تامی لێوی سووری شیلان، بوونە فیلم و حەقایەت لە تەنیایی مزڵێکی دوور دەدوێ ...
بزەی خۆشارۆکێی کادێن، بێستان و بۆنی هاروێ و کاڵەک، سەرجێخوون و ئاسمانی تاریک هەمووی بوونە هەسارە و خێرا فرین بەرەو نادیار، لە غوربەت بوونە غەوارەی نامۆ، ئەو گوندەی ماڵێک بوو بۆنی نانی لێدەهات ...
سەفەرە سەفەر، ژیانی پڕلە هەرا و خۆشی، بەرەو جێهێشتنی دنیای کەسکی مناڵی. قەڵەم و کتێب و نیگار، مەقام و گۆرانی و کۆڵەکە قەڵاغی جێژوانگە و بێری و ڕەشماڵ و دوارۆژی سپی، بوونە بەراتی نیشتمان و ئەوانیش فیدای ژیان! لە نێو زەمەند و قۆپی و سوێسن و قاسپەی کەو، لەسەر مێرگی شین و سەوزی شل لەپەنا زیخی ئاوریشمی دەم کانی لێوم بە لێوی ئاو وەنا ئارەقەی تەوێڵم سوور و سوێر ڕژایە شۆڕش، دڵ بە خەمی نیشتمان زێد و ماڵ و سێبەری شۆڕەبی، لەسەر دوندی چیاکانی سەرکەش، تەمی قەندیل و بەستەڵەکی کێلەشین و مەلی دالاْمپەڕ، سنووری درۆۆۆۆۆ ...
تەنیا من بووم و ئەم جیهانە، من بووم و چەک، من بووم و گۆچان من بووم و ڕەخت و فیشەکدان، من بووم و بەرگی خاکی، من بووم و خولیای ئازادی، بوغزم دەکردە فیشەک ئاڵای چڵکنی چەپەڵم دەئەنگوت، بیرەوەریم ئەفسانەیە کەس بڕوا ناکا، شەوانە بە گڕ تاریکت دا دەچووم سەنگەرم دەکردە لانک و تێیدا ڕادەژام، سەر لەسەر سینگی نیشتمان خەوێکی کەروێشکە دەیبردمەوە ڕۆژانی ژوان.
کە شۆڕش خوێنی چەکی مژتم و ئادیداس پشتمی خاراند و دێموکراسی بە گزی دەرچوو، تەنافی سێدارەم گرت و بەرم نەدا، هەتا مەلایەکی بۆگەنیوی کۆچەر لەتەک حاکمی شەرعی شۆڕش دایانپلۆسیم، نەک هەر غرور، ڕوح و دڵیان کوشتم، بێزم لە مافی مرۆڤ دەبێتەوە کاتێک تەنیا قاپێلکەیەکم بەناوی

ئینسان، خاڵی لە هەست و خەون. کونجی ژوورێکی تاریکیان پێ ڕەوا دەیتم، قیژەی قامچی و بۆنی گۆشتی برژاو خەیاڵمی دەبردە جێژنی قوربان و حەوشەی مزگەوت! چ نۆستالۆژییایەکی قیزەون بوو هەڵاوەسین و جۆلانەی دایکم، تووتن و پەڕی باوکم و پشتی سووتاوم، دارەبازی گۆرستان و برانکاردی ئەنجنیو ...

قاڵ بوونەوەی جەرگ و سووتانی هەناسە کز و لاواز جەستەیەکی داوەڵی ڕەق و زەق، چاوە پڕ لە شادی و دلۆڤانییەکەی کردبووە ڕقیکی پیرۆز لە جەستەدا و بە مێشکیش ماندوو شەکەت هەتا گەرمێنی دوور بەردەرگای مەحکەمە تەق تەقیلەی نیگای پارێزەرم ئاوات بوو مەخابن هەمووی هەر حەسرەت بوو، بەیادی ئەو ڕۆژانە دەژیام کە چرۆ دەبووە گوڵ و گوڵیش دەبووە بۆن و دواجار بەسەر بووکی خەیاڵما هەڵدەوری لەبەر پێم دەنگی ویشکی گەڵاکان پەڕی تەنکی پەپولەی هەڵدەوەراند و دڵی سیسم دەوەستا کە برایەک دەیفرۆشتم لە پێناو نان! کاتێک سەگ پەنای دام و نەوەڕی بە بەختی بابەردەڵەم، بۆنی کردم باوەشی وەفای بوو بە پەناگە هەتا فێر ببمەوە ژیان.

سەفەرە سەفەر، سەفەری ئەمجارەم ئەوەندە دوورە بەسواری هەسپە سووریش بە وێرغە بڕ ناکا دەوەستێ ئۆغرێک هیچ ڕووبارێکا نایگاتێ گەشتێکە ئەوەندە دوور تاراندووە ژیان ئەو بێشکەیەی دەیراژاند لاواندنەوەی بێ کەلک ودەسرازەی تووندی ئەوینم، سەفەرێک پڕ لە نەگەڕانەوە، دەگۆڕنانی هەموو ئاواتەکان و ئەو بیرەوەرییانەی دەمکردنە ڕەنگ و نیگاری حەسرەتم پێ دەهۆنییەوە، دەمکردە وشە و شەوی ئەنگوستەچاوم دەدرەوشاندەوە. نە شەماڵ و نە ئەستێرە و مانگ هیچکامیان نابنە ئەو کۆترەی پەیامی دڵبەر بدا، نە تۆزی بەردەرگا ئاوپرژێن دەکرێ و نە سپیدارەکان دەبیندرێن و هێلانەی مەل، هەناسەم نایێ، دڵم گوشراوە، خەفەتێک بارتەقای ئاویلکەی ئاسکێکی هەڵدڕیو.

ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوا گەڕەلاوژەیەکی درۆی هەڵبەستراو مەکانی تاراوەکان و مرۆڤ سڕ مەرگی ئەوین لە پێناو بەرژەوەندی بورجەکان، دەمرن مرۆڤ، ڕەش ڕەش دڵ سارد و بەستەڵەکی ئەوین نابێتەوە ...

سەرهەڵگرتنێک بە چاوی کوێر، بیری تەزیو بۆ وڵاتێکی ئەوپەڕ دوور، دوور لە خۆزگە و بریاکان، هەتا هەتەرکا چاو دوور لە هێلانە و چەمی خۆم.

جارێک بە سوتفە لە ڕایلکەیکی شێت وێنەی پۆرێک شیلانم بەدی کرد، جێ هێلانەی ئەوینی دڵ، خامەی دەستم دەلەرزی کاتێک چوومە دنیای تەواری بەرزی خاڵ، ئەو ڕەشاییەی ئادگاری وێژە کە دڵمی سوکنیایی دەدا، چیرۆک، بەستە، مەقام، گۆرانی، کانی، ڕووبار، مناڵی، خۆشی ڕابردوو و هەموو ئەوین لەم وێنەیەدا بەدی کرد، خۆم کردە تیشکیک و چوومە ناو دەمارەکانی، سەرم خستە سەر پەلکە ڕیحانەی بۆنی ئاسمانی، بە لەرینەوەی بای وادە، چ سەمفۆنیاییەک بوو دەنگی هەناسەی. برووسکێک هزری تەنیم، خەوێک بوو پڕ لە مۆتەکەی ڕابردوو، هەستام وێنەکەم بینییەوە، هیوا خزی، خوشا، هاتەوە، ئەو ڕۆژانەی پێی گەش دەبووم.

## من چیم لە تۆ دەوێ؟

ئەمشەوانە شەو شێتە، دێو و درونج تاو دەدەنە بەختی بەشم، بەردەوام بۆریشکە لەچاوم دەترازێ
و دەمهەوێ بۆ جارێک خەون ببینم، خەون بە تۆ، بە خوڵیا ڕفێندراوەکانم بە هەستی زویر و خەیاڵی تەوژماوی هزری چەواشەکراو و دزینی قاقای لێوی ویشک و تینووم، خۆزگە جارێکی تر دەست لە ملانی ئاواتەکانم بمبەیە جێژوانی جاران، ئەو پەنا و پەسیوانەی قەڵا و نزار و خەڵوەت و تەریکە قوژبنەکانی مێژوو، ئەو دیرۆکەی باووکالمان لە پێدەشتە سەرشێتەکان دا هەسپی بەرخودانیان تاو دەدا و ڕکێفی مەستی ئازادی و سەربەستیان ڕادەکیشا! هەموو ئەو ڕابردووەی بە باسک و پەل و باهۆی مێرانەی دایکمان، تۆچان لەبەرقەد، بژاری خەیاڵی مەزنایەتیان دەکرد، ئەو کاتانەی ئەوان نەببوونە من و تۆ و سرووشت ڕەنگی کەسکی بە چاوی دانەدابوون، گەنم و هەرزن چاوی خێڵ و ڕەوەی ئاسک و ڕانی مێگەڵ ملی ئەستوور نەتۆراندبوو لە ماڵ و بۆنی ژیان و ئەوین. ڕەوشێک بوو سرووشت پێملی یاسا و کۆمەڵگایەک ساکار لە مرۆڤایەتی و نەفسێکی بەرز لە بوون و نەچەمینی سەر و بەرامبەری و هاوتەریبی ئینسان. گەڕانەوەی شەو، شەوێکی فێنکی ئارام پڕ لە ئەستێرە هەرکام لە ئاستێک و بە چاوترووکاندنێکی خەواڵوو پشوو دەدەم
تانج و تەختی بایەقۆش وەرگەڕێ، ئەو دەمەی دەستەڵات بووە

ژین و ڕانانی مرۆڤایەتی گاڵتەجاڕ و چڵکی دەستی مرۆڤ خانەدانی دەخولْقاند! دیوەخان پڕ دەبوو لە دووکەڵی غەڕە و گۆڕاوی بەفیزی پیس! بڕیار قامچی دەوەشاند بەسەر پشتی لاوازی بەڕوو و بەزەیی قاتوقوڕ دەما لە مێشکی بۆگەنیوی زاڵم هەتا چەرخی گەردوون بسووڕێ و ئاشی دارا، نەدار بگەوزێنێ لە خوێنی مژتووی ترێ

من چیم لە تۆ دەوێ؟ چیم لە ڕابردوو و ئەربابی زۆردار و ئاسمان پەرەست دەوێ؟ تەنیا ژوور و میچێک و ئێمە و خۆشەویستییەکی ئەبەدی، تەلاقەیەک گوڵ، تاخچەیەک دلۆڤانی و ڕۆچنەیەک ئینسان هەموو ئێواران دەرگا بکەینەوە گوڵ و دلۆڤانی ببەخشینە مرۆڤەکان.

من چیم لەم جیهانە دەوێ؟ تەنیا تۆ و دووباڵ بۆ فڕین دەرباز بوون لەم مرۆڤانەی خەونی گولی بە پەپوولە وەدەبینن و ڕقیان لە بۆنی عەتری شیلانە!

من چیم لەم ژیانە دەوێ؟ تەنیا ئەو هەناسانەی خۆزیا دەفڕن بەرەو هێلانەی دڵ و پشت دەکەن لە کەلاکی هەڵفزاوی دهۆ و مەکر و فێڵ و گزی ...

سووچی من چییە لەپێناو نیشتمان سەرم ناوە؟ هەڵەم ئەگە ئاخی خۆشتەویم خواردووە و ملم بۆ لاڕانی مەل نەداوە؟ لەپی دەستم چۆلە مەودای زۆرە دەگەڵ خۆپەرەستی، ڕامبواردووە بە سەربەستی، لەتێک نان و قومێک ئاو بەسەربەرزی ...

چ خەمبارم من بۆ خەونێک، بمباتەوە باوەشی ئەو نیشتمانەی لەپێناویدا ئاسمان دێنمە بەرپێ و خۆر قاڵ دەکەمەوە و مانگ و ئەستێرە دەچێنم! بەڵام قەت بۆ جارێک لە پێناو نان گوڵێک هەڵناقرتێنم!

## گوڵە شیلانی سیس هەڵگەڕاو

پاش غوربەتێکی نامۆ، دەسرازەی ئاواتەکانم
کردەوە و بەرزە شەپۆڵم ئەدا لە زەریای تۆف و تەوژمی باراناوی نیگام لەبەر سێبەری پیرەئاسمان شەکەت ماندوو بەدوای بەختی نادیاری وێڵم ون دەگەڕام، بەر لە کۆتایی ئەو سەفەرە نادیارە لە سیلەی ئەوپەڕی زەوی هەسارەیەک خوشی و منی دەگەڵ خۆی برد، هەڵیلووشیم، خوێنی مژتم، بیری بردم، مات بەدوای دا کۆرپەیەک بووم ئەویندار ...

لە کەلاوەی بیری پەشێوم شەوە و مانگ دەزێتە دڵی ژاکاو و سیس و شەمزاوم، کەنینی زەردەخەنەی ئەستێرەیەکی دوور، شەپۆلێک عەتری پوونگە و زەردەی شەمامە و بۆنی کاڵەکی سینگت شەماڵ ئاسا دەخزێتە سەر لیوم، منی تەنیا لەم شەوە تنۆک و ئەنگۆستەچاوەدا لەسەر گابەردێکا دەست بۆ ئەوین دەبەم، ئاگرێک دە هەناوم دا بڵێسە دەکا، ڕۆژم شەو و شاییم شین و بەهارم زستان و دەنگم کپ و چاوم کوێر و مێشکم کاس، ئەوەندە خۆشەویستی، ڕەشماڵێک لە بارەگای جێ هەوێزی سارد وسری ماچ دادەکوتم، ئاخ خوایە دەنگم ببیسە لە زمان تاراوێکی وێڵ و سەرگەردانەوە هاوار دەکەم، ئەگە ماوی بگرە دەستم هێزم نەما من ئەو کەسەم مەیلی لێو و هەستی ئەبرۆ و چاوی تۆ قەت نانێنم، من ئەو کەسەم ژوانی پێ ڕێی هەنگاوەکانت لەسەر دڵی خوێناویم لە چەشنی نەخشی کوێستان وێنا کردووە، من ئەو کەسەم بە ئەوینت بە دەنگت بە نیگات بە

هەناسە و بە پەیڤە کانت ئێواران لە پەنا ڕووبار کەلەلا لاپەم دەبرد و هەر شەوانە و شەوانە و شەوانە وشیار بووم هەتا زرینگەی دەنگت دەکوژایەوە و خەوم لێ دەکەوت، من ئەو کەسەم خێراتر لە کۆتر و پەڕەسێلکە و باڵی هەڵۆ لە خزمەت بارەگای نوورانی داوێنی پاکت کڕنۆشم دەبرد، من ئەو کەسەم هەموو پەیڤ و وشە و قامووسی جیهانم کردە ڕێچکە و کاروانێک گوڵە شلێرە و سوێسن و مێلاقە و شیلان و غونچە، من ئەو کەسەم خەیاڵ و بیر و مێشک و هەست و نەست و هەناسەم بە هیوای دەمێک ژوان دەکردە پێخوست!

دڵم گیراوە، ئەوەندە پڕم لە گریان هەنیسک دەمباتەوە!ئەوندە پڕم لە بێ تۆیی شەو دەمباتەوە، ئەوەندە تەنیام ئاوزینگ دامدەگرێ و شەوەی بەختی چەمووشم دەمباتەوە، مۆتەکەی هەراسان وازم لێ ناهێنێ. ژیانم بەندە بە دەنگت بە پرچی ئاڵۆز و عەتری ملوانکەت.

چی تر تاقەتی چیا و کوێستان و بێستان و باغ و بێشکە و وەرزەکانم نییە دەمهەوێ لە پێدەشتێکی تینوو لە پەرێزێکی زەرد لە ڕەوەزێکی خزیو ئاسمانێکی چۆل و دەریایەکی ویشک چۆک دابدەم، من یەکەم قوربانی ئەوینی تۆم تۆ هەوێنی ژینی منی و ڕووگەی ئاواتەکانم.

نانا تۆ ناڕۆی، پڕ بە گەرووم بەیانیت باش پڕ بە هەناسەم بۆن، پڕ بە دەنگم شێعر و پڕ بە هەستم ئەوین و پڕ بەدڵم فیدا ...

ئەو لەمپەڕانەی وەک قەڵغان و زی مەتاڵ وەدەست بەختی من و تۆ ڕەش دەکەن لە دیواری سێدارە بەرزتر نین لە میلەی بەندیخانەکان بەهێزتر نین لە تاراوگە سەختتر نین لە بێکەسی و غوربەت و تەنیایی ترسناکتر نین، من و تۆ لەسەر خەیاڵی هەورێکی سپی دەبارێنین خۆشەویستی بەسەر ئادگاری ویشک و چلێسی زەوی.

# دڵۆپە فرمێسکی ناو ڕێژنە بارانی لە خەم خەڵتاو

*بۆ هاوڕێ و برای بەندیخانەم (عوسمان موستەفاپوور)*

ئاشنام، کۆنە هاوڕێی لانەواز! مەڵبەندی پیران، کیژانی جوان، نیشتمانی خان، داروبەردی کوردستان، قژی هۆنیوەتەوە، سوروسپیاوی کوێستان، فرمێسکی باران دادەبارێنێت سرووشتی جوان، قەندیل چۆپی دەکێشێ و سپیسەنگ و قەڵاتی شا سەریان دانواندووە بۆ ئازادیت بۆ بەرزی قامەتت. تۆ سەری دوژمنت نەوی کرد، ئەو جەلادانەی هاوڕێکانمانی لەسێدارەدا سەریان شۆڕ کردووە، دە وەرە هیچ بۆنێک خۆشتر لە بۆنی ڕۆژە سەختەکان نیە با بۆنت بکەم و لە ئامێزت بگرم تێر تێر، ڕابردووی تاڵ و خەفەتبار بیر بێنمەوە. ئاشنام تۆ ٢٨ ساڵ چاوەڕێی هەڵمژینی بۆنی ئازادیت دەکرد، من ٢٨ ساڵە بیری ناو بەندیخانە دەکەم، ئەزانی ئاشنام ئەم ئازادییەی کە ئێستا پێکانی بۆ هەڵدێنی زۆر لە بەندیخانە پڕ ئازارترە؟ ئەزانی تەنیا نیشتمان و خاک و خۆڵەکەی بوو سەروچاوی بۆ ڕاخستی و پێت لەسەردانا و بەخێرهاتنەوەی کردی؟ بەڵام ئێمە مرۆڤی کورد چمان هەیە بۆ ٢٨ ساڵ تەمەن، بەند، ئەشکەنجە، کورسیلەیەکی شکاو و تەخت و پەردەی سەر سینگت کە دەگەڵت ژیا، هاوڕێ، ئاشنام بنوارە کەس هەیە بۆ نیشتمان بگریت؟ کەس هەیە خوێن بۆ وڵات بدات؟ نا نا هەر هەموو بۆ پوول و پارە دەگرین و هەناوی نیشتمان دەبخشن بە دیاری، کە هاتیە لام دڵت لە سەر لپی دەستت دانێ، سەیری هەنگاوە بەبڕستەکانت مەکە چونکە بێ هێزن، چاوەکانت ببستە و

زمانی بەڵێ بێنە گۆ، ساڵانێکە نەخێر لەو وڵاتە نارۆێ و گیا و گوڵی وڵاتیشم بێ بزوێن بوونە، تۆوی هەردی وڵاتم بێ گیانە ، ئاشنام لە ناو بەندیخانە بە دەنکە خورماو زەنگیانە مێژووت بۆ وڵات دەهۆندەوە و لە وڵاتی بێ ئاسۆ خەم و ئازارت بۆ نەوە دەهۆنیەوە،

ئەوە من و ئەوەش تۆ.

# شرۆڤە

## شاژنی چیاکان

*شرۆڤەیەک بۆ کتێبی شاتووی شەهلا دەباغی*

«شاتوو» پڕە لە هەستی هاوبەش و نۆستالۆژیک بۆ هەموو ئەو کوردانەی ئەمڕۆ لە تاراقگە دەژین، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، سەردانی خزمو کەسوکار و زێدی لەدایک بوونت، کۆڵان و شەقامەکان، تەنانەت تامی میوە و ئەو خواردنەوەی لەسەردەمی منالّی دا چێژت لێ بردووە، هەموو ئێمە بەتایبەت ئەوانەی باوەڕێکیان هەبووە و لە پێناو بیروهزرێک دا ئەمڕۆ لە نیشتمانی خۆیان غەوارەن، بە هەزاران جار ئەو حەز و خەیاڵ و ئاواتانەی شاتوویان لە مێشکیان دا ڕاژاندووە.

بە ڕوانینی من، شاتووی خاتوو «شەهلا دەبباغی» ئەگە هەندێکی پەلەی تێدا نەکردبا و هەستیارتر لەسەر چەمکی پەخشان و ڕەوایەتی ڕۆمان، هەروەها وشە و ڕستەکان ورد ببایەوە، یان بە جۆرێکی دیکە ئەگە بڵێم، توانیبای باشتر لە سەنعەتەکانی گێڕانەوە (چیرۆک، ڕۆمان و ...) کەڵکی وەرگرتبا «شاتوو»م بە دەقێکی گێڕانەوەیی ناوازە دەزانی.

یەکەم لەبەر ئەوەیکە وەگێڕ (راوی) ژنە، ئینجا ژنێکی خەباتکار و شۆڕشگێڕ کە لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی ئەگە ڕۆڵی بەرچاویشی نەبووبێ ئاگادار بووە و ئەو هەستە بێگەردەی لە دەروونی دا پەنگی داوەتەوە، بۆ دەرک کردن بەم حەزە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ **٤٣** ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگایەکی نەریتی پیاوسالارانەدا، کچێکی مێرمناڵ یان تازەلاو بەردەوام جلی پێشمەرگە لەبەردەکا و پێی وایە لەم جلەدا

هەست بە ئارامی یان شایی بەخۆبوونێک دەکات هەروەها کەسێک دەستی داویتە قەڵەم کە بوێرە، بێ ترس و دوودڵی باسی لاوازییەکانی دەکا، باسی ئەو بڤانە دەکا کە ئێستاش لە کۆمەڵگای ئێمەدا (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە «حەیبە» یان «ترس» پێناسەی بۆ کراوە، شەهید، خۆشەویستی، ماچ، نیشتمان، پیشمەرگە، شۆڕش، تەنانەت سووڕی مانگانە و ... کە بەزۆری باسی کراوە. هەروەها بێ دوودڵی هەموو ئەو ناحەزییانەی کۆمەڵگا بە دەلاقەی ژنێک دەگێڕێتەوە، لێرەدا چاویلکەی ژن ڕوانینێکی ڕەنگییە، باسی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگا وەک ژن بە ژنە، بەرخوێن و دوو ژنی و ... هەر ژن دەزانێ چۆنی وێنا بکا و باس لە تاڵی نا بەڵکوو ئەم کارەساتانە بکا. بەسەرهاتی مامی و مریەم و ڕەدوا کەوتنی و سێ کچ بەرخوێن دان خۆی بەردەوام لە کوردستانی ئەوکات پاتە دەبنەوە کە ئەمانە خۆیان دەتوانن چیرۆکێکی سەربەخۆ و مێژوویی بن.

خاتوو شەهلا ناوی پەخشانی لەسەر شاتوو داناوە، هەر واشە چوونکە پەخشان لە وێژەدا بە دەقێک دەگوترێ کە پابەندی نەزم و تایبەتمەندییەکانی شێعر نەبێ واتە بە پێچەوانەی شیعر، دۆخی پەخشان بە قسەی ڕۆژانەی خەڵکەوە نزیکترە. لە هەمان کاتدا گێڕانەوەی پەخشان، گێڕانەوەیەکی ناسک و ئەدەبی ترە بە بەراورد لەگەڵ دەقەکانی دیکەی ناوێژەیی.

ئەوە نمونەیەکی یەکجار زۆر ئەفسووناوییە لە پەخشانی ناو «شاتوو» کە هەر ژنێکی ژیری ئاوات لەدڵ بە وشەی پەتی و ڕەسەنی کوردی دەتوانێ بیخولقێنێ:

«بریا ئێستا ئەم دێڕانە مزگێنی بان. مزگێنی بارانی پەڵە هەورێک لە هاوینێکی گەرمدا. یا تینی هەتاو لە زستانێکی سارد بام و ئێوە گوتباتان، ئۆی ئۆی ئۆی، ژیان چەند مێهرەبانە! پێم خۆش بوو مەزرایەکی گەنم لەبەر شنەی شەماڵێک بام کە کەروێشکە دەکا و ئێوش لە سەر بڵندایی ڕاوەستاون و

بیردەکەنەوە، ئەک چ مەزرایەکی پڕ خێر و بەرەکەتە، بەزیاد بێ! پێم خۆش بوو کانیاوێکی سارد و فێنکی بەرقەدی شاخێک بام کە ئێوە بە ڕێبواری بە پەنامدا تێپەڕ دەبوون و دەست و دەموچاوتان دەشۆرد و تینوویتان دەشکاند. پێم خۆش بوو جوانترین جلوبەرگی زێدەکەم دەبەر دەکرد و دوو دەستماڵ لە دەستدا لە ناوەڕاستی چوارڕای ئازادی شارەکانتان وەکی دێوانەیەک سەمام کردبا. پێم خۆش بوو ئێستا لە هەڕەتی گەنجیم بام و دووبارە ئاشق بووبام و مەعشووقەکەم گوتبای: ئۆی، ئۆی، ئۆی شەهلا، لەو زێدە ئازیز و ئازادەدا خۆشویستنت، جەستەی ناسک و ڕووحی پاکت چەند بەختەوەرم دەکا و من تەنیا بەو یەک ڕستەیە شاگەشکە ببام و وام زانیبا جوانترین ئەڵماسی بەختەوەری جیهانم خەڵات کراوە. (ل ٧٧-٧٨)

توانایی لە خولقاندنی دەقێکی شاکار لە وێژە بەتایبەت شێعر و پەخشان دا بە هەستێکی ناسک هەروەها بە خەمێکی قووڵ دەخوڵقێ من پێم وایە کەسێک ئاوارەیی، دەربەدەریی، غوربەت و ئەوین دڵی نەشکاندبی ناتوانێ خولقێنەر بێ، کەسێک خاوەن باوەڕێکی نیشتمانی یان هەر باوەڕوئایدیاییەک نەبێ ناتوانێ بنووسێ کە بشنووسێ یان سەرکەوتوو نابێ یان بایەخی نییە و سارد و وێشک بە لاپەڕەوە هەتا هەتایە ڕەق هەڵدێ! شاتوو پڕە لە هەست، هەستێکی خەماوی، غەریب لە هەمان کاتدا پڕ هیوا. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاتوو، وێناسازی (تصویر پردازی) بەتایبەت لە سرووشت و دیمەنە جوانەکانی کوردستانە، هەروەها ئەوینێکی هەرماو بەردەوام لەژێر دەق و گێڕانەوەکانی دا هەست پێدەکرێ، دەگەڵی دێت و دەچێ و وازی لێناهێنێ، ئەو بەرۆکی گرتووە و وەک بەشێک لە جەستەی لێهاتووە، «نیشتمان» ئەو ئەوینەیە ئەو شانازی پێوەدەکا و خۆی پێ ڕادێنێ، چەندەی بۆ گریاوە تەنانەت نەخۆشی پێستی لەپێناودا گرت! خۆشەویستی خاک و خەڵک یەکێک لە پارادایمەکانی

مرۆڤی تێکۆشەرە کە تێچووی زۆری بۆ داوە، ئەو ئەوینە لە وێنەی، ئەشقیی خواییە ...

«لە دوای تۆ ئێستاش ئاشقی جامانە و قومقومە ئاوی پێشمەرگەم» (ل ٣٦)

وەک هێمنی سەوداسەری شەهلاکان دەفەرموێ (ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردەنی پڕ خاڵ نیم، ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن)

لە زۆر شوێن دارە پیرەی شاتوو بە تامی مزر و شیرنی ئاوی لە چاوم هێنا! شەهلا وەک بۆخۆی دەڵێ، سەرەڕای نەداریم ئیشتیاکانم شاهانە بوون «خۆزگە ئەو ژنە بام شکسپیر دەقەکانی بۆ دەنووسی یان خزمەتکاری پەرستگەیەکی هیندووەکان بام ئازاد و ڕەها» (ل ١٠) بەڵام دواتر هەر دەبێتەوە شەهلا سابڵاخی و سەفەرمان پێ دەکا ... سەفەرێک شەماڵاوی بە سەر خولیاکان دا بەسەر هەموو نەهامەتی و شەڕ و کوشتن و خوێن ڕشتنێک کە ئەو قەت نەیویستووە بیبینێ و نەفی دەکا، لە جێگایەک قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێ: ئەگەر فەرماندە بام قەت کەسم نەدەناردە بەرەی شەڕ (ل ١٨)، بەختیار عەلیش لە یەکەک لە ڕۆمانەکانی دا کاتێک قارەمانی ڕۆمان لە شەڕ دەگەڕێتەوە دەڵێ: «بابە بابە، کەسم نەکوشت». شەهلا دەبباغی زۆرتر خۆی لە شێوازی «ڕۆمانتیک» نزیک دەکاتەوە و بە ڕوانینی سۆز و مرۆڤێکی خاوەن بیرێکی ئینسانی لە شەڕ دەدوێ ...

«لای من هەستەکان بڕیار دەرن نەک ئەقڵ و سیاسەت من بە پێی هەستەکانم بڕیار دەدەم» (ل ٥٥)

مێرمناڵێک بە یەکێک لە مەزنترین ڕۆمانەکانی جیهان گۆش دەدرێ (بینوایان)ی «ویکتۆر هۆگۆ» و دەگاتە «ئابسۆردیسم» و سیزیێفی «ئالبێر کامۆ» ئەوە گەشەی مرۆڤێکی وشیار و وریایە بەڵام ئەو مردنێکی ئەزموون کردووە کە نوێیە، ئەو بۆ لەدەست

دانی مناڵەکان دەمرێ، ئەو بە شکاندنی هێڵە سووورەکان دەمرێ وەک ڕەمزی شەهید و شکاندنی پیرۆزییەکەی. ئەو خەمی نیشتمان و خەڵک و پیشمەرگەیەتی کە چۆن سەرکردەی نەزان و بەرژەوەندی خواز وەک خۆرە بەری خوێنی شەهیدان دەخۆن، بۆیە دەگاتە هیچ و بە پووچی دەگا، لە داخی ڕێبەرایەتی کڵۆڵ و بەستەزمان! هاوار دەکا، دەناڵێنێ، ئەوان هیچ لە ئەلفوبێی سیاسەت نازانن ئەوان مێژوو نازانن ئەوان هیچ نازانن. ئەو حەودالی دادپەروەرییە لە وڵاتێکی ئازاد و بەختەوەر بۆ هەموو مرۆڤەکان، ئەمەیە دەردی هاوبەشمان، ئەوەیە ئێمەی تاراندووە و لە تاراڤگە دەنگمان نابیسن ئەوەیە بە هیچمان دەگەهێنیت، ئێمە ژانی هاوبەشمان هەیە و ئازارمان، دەنگی هاوارمان کەس نایبیسێت ... «ئێستا دەزانم کە لەمێژ ساڵە مردووم، هەر ئەوکات کە شەهید مانای خۆی لەدەست دا، هەر ئەوکات کە خەیانەت بە نیشتمان کرا، هەر ئەوکات کە هەژاران برسی کران، هەر ئەوکات کە پاسدار و داعشەکان دەستدرێژییان کردە سەر هەوەڵ ژنی زیندانی، هەر ئەوکات هەوەڵین ئەوین مرد. هەر ئەوکات زانیم نە حیزبەکان گەل و نیشتمانیان بۆ گرینگە، نە خائینەکان وەخەبەر دێن، نە زگ زلەکان بیر لە هەژاران دەکەنەوە، نە دەواعش دەبنە بەشەر، نە کەس بە ئەوین وەفادارە. دوای مەرگی جوانییەکان ئیدی بیرم لە هیچ نەکرد ەوە و «هیچ» بوو بە ناوەندی بیرکردنەوەم. «هیچ» وای کرد کە هیچ بیرێک نەتوانێ ڕامکێشێت و بمکاتە کۆیلەی خۆی و هیچ ئەوینێک نەتوانێ ئیتر بریندارم کات» (ل ١٠٥) بەڵام هەر وەک پێشتریش باسم کردووە، ئەو هەر هەویدارە بە چوارینەی نیشتمان پێشمەرگە هێز و ئەوین، «ئەوسا هەموو دەبنەوە مێرگ و کەروێشکە دەکەن، هەموو دەبنەوە دەست و سەما دەکەن، هەموو دەبنە هێز و وەگەڕ دەکەون و هەر چی هیچە مانا دەکەن» (ل ١٠٦)

لە ڕووداوی پرسێکی گرنگی مێژوویی کە خۆی شاهیدی بووە سادقانە ڕای خۆی دەردەبڕێ و بەجوانی باسی دەکا، ئەو زۆر جوان هۆکاری پاڵ دان بە کۆنگرەی چوار باس دەکا بێ ڕیا و دەلەسە دەیگێڕیتەوە، بەڵام لەهەمووی ئەو ڕووداوە قسەیەکی ڕاستی زۆر تاڵ کە وەک تراژێدیایەک بەردەوام لە مێژوومان دا چەندپاتە دەبێتەوە و جەرگم دەبڕێ و مچوورک بەلەشم دادێنێ:

«ئەو دەورانە ئەوەندی دوژمنێکی کینەیی وەک خومێنی قەڵاچۆی کردین، ئەوەندەش خۆمان ستەممان دەرحەق بە یەکتر کرد ... ئێمە دووپاتەی خۆمان و بازنەیەکی شوومین. (ل ٨١)

هەروەها باس لە ئەزموونەکانیشی دەکا «ئەو ئەزموونانەی بە نرخی خوێندنەوەی شاتوو زۆر هاسان دەمانداتێ و وەبیرمان دێنیتەوە کە:

«کورد هەمیشە بە دڵفراوانی و سادەیی و باوەڕکردن بە بێگانە زیاترین کارەسات بۆ خۆی دەخولٔقێنێ، کورد نەتەوەیەکی بێکەسە و هاوکات لەناو خۆشیدا نەحاواوە. ڕێبەرانی ئێمە بە جێگای ئەوە یەکگرتووبن و ڕیزی هێزەکانیان پتەو بکەن تا بەلەمی پڕ لە برینمان بە کەنارەکانی ئارامی بگەیەنن، بەداخەوە تا ئێستاش لە هەموو شت دەچن جگە لە ڕێبەری نەتەوەیەکی ژێردەست.»

نووسەری شاتوو زیاتر لە هەزارو سی و دوو ساڵە لێمان ونە! دوور بووتەوە بەڵام قەت بۆ چرکەیەکیش نیشتمانی لەبیر نەکردووە و کۆلکەی ئاژێراوی لە کۆنجی دڵی داکوتاوە.

ئای «کامران مەتەری» ... با پێکەوە ئەم گۆرانییە بڵێینەوە ...

بێ قەرار ماوم شەیدا هەمووکات ئاوارە
یاری چاوشینم بێ گوناه بۆ وا لێم بێزارە
گوڵی باغی ژینم هەر ئەو بوو

شەمی قەلبی تارم هەر ئەو بوو
بێ وەفا تەرکی کردم، گوڵی ئاواتی بردم، مام بە تەنیا
سابڵاخ ئەگە پەروەردەی یاری ڕوو بە گوڵمە
مەرگ و ژیان لەوێدا ئاواتی دڵمە
سابڵاخ بە چریکەی بولبولان
وا دەپسێنێ بەندی دڵان
بەتەمای عیشقی پاک و مێهری ڕابردوو
ژیانی پڕ لە ئاوات زولفی با بردوو
غونچەی ژیانم پەڕ پەڕ بوو
چرای هومێدم خاموش بوو.

## بۆ مارف ئاغایی، ماموستام!

(١٣٤٤-١٣٧٦ ک.ه)

*ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ، شاعیر، توێژەر، چیرۆکنووس.*

نەمر مارف ئاغایی لە نەسلی ئەو شاعیرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دوای سوارە کاریگەری لەسەر ڕەوتی نوێخوازی شیعری کوردیی هەبووە و ڕۆڵی گرینگ و بەرچاوی لە هێنانەئارای شێوازێکی تایبەت لە شێعری هەبووە. مارف شاعیرێکی پێشکەتوو هەست ناسک، دووربین، ورد و ناوەڕۆکخواز و کورتبێژ بوو کە زمان و شێوازی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەو کاتێک هاتە مەیدانی ئەدەب کە شۆڕەسوارانی وەک، سوارەی ئیلخانیزادە، فاتیح شەیخولئیسلامی (چاوە)، عەلی حەسەنیانی (هاوار)، قاسم موئەیەدزادە (هەڵۆ) و جەلال مەلەکشا مەیدانداریان دەکرد. ئەو هەوڵی دا وێڕای ئەوەیکە ڕێگا و ڕێبازی درەوشاوەترین کەسی ئەو قۆناخە نەمر کاک سوارە بگرێتە بەر و ڕێگای ئەو خۆشتر بکا، زمان و ناوەڕۆکی شێعرەکانیشی تایبەتیتر و فۆڕمیشیان کورتبڕتر بێ. ئەوەی کاتی خۆی سوارە کردی کە دەنگی وەک دەنگی شاعیرانی پێش خۆی وەک ماموستا گۆران نەچێ و جیاوازی دەگەڵ ئەوان هەبێ. مەودا و وردی ڕوانینی، دەقی هۆنراوەی دەکردە لەمپەرێک بۆ بەگژداچوونەوەی زۆرداری و بەرگری نەتەوەیی بەجۆرێک شێعری بەرگری سپی و نوێ بەو دوو زاتە لەجۆری خۆیاندا دەگاتە سەرچڵەپۆپە.

نەمر شێرکۆ بێکەس یەکێک لە هەڵکەوتەکانی ئاسمانی ئەدەبی کورد و ئیمپراتۆری شێعری نوێی جیهان لەسەر

مارف دەڵێ: کاتێک کە بەناچاری ڕوومان کردە ئەو دیو، هەتا گەیشتمە تاران زۆرم چەرمەسەری بینی، زۆر کەسیش یارمەتیان دام بەڵام یەکێک لەو لاوانەی کە شاعیرش بوو خوالێیخۆشبوو مارف ئاغایی بوو، مارف یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەگە ئەجەل دەرەفەتی دابا لەو بەستێنە دەیتوانی زۆر ڕێگا بپێوێ.

کەڵکەڵەی سەرەکی مارف وەک زۆربەی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد و ئەدیبانی گەورە سێ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی (ئاشتی خوازی) بوو.

مارف جگەلە وەرگێڕانی کتێبی «ناسیۆنالیزمی کورد» کتێبی شێعر و کورتە چیرۆکەکانی بە نێوی «زەوی سەخت و ئاسمان دور» پاش مەرگی بڵاو بۆتەوە کە لە لایەن ڕەخنەگر و شارەزیانی شێعری هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کارێکی گرینگ و جۆرێك شێعری جیاواز لە قەڵەم داوە و چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نووسراوە.

مارف لەو مرۆڤە دەگمەنانەیە کە لەناوخۆیدا دەریایەکی بەبرشتی تووش و لافاویە و لەدەرەوەشدا بەستێنێکی ئەهوەن و ئارام کە بەردەوام وانەکانی مرۆڤ بوون دەڵێتەوە، ئەو لە بێکەسی و تەنیایی دا بە خەستە غوربەتێک شەپۆل دەکا:

چەند ڕۆژێکە کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووە،
و هیچ دڵپڕێک،
چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاواز و هیچ بیسەرێک،
چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شێعر
و هیچ خوێنەرێک،
نادۆزمەوە
کە فرمێسک و ئاواز و شێعرم جێ بێڵم.

مارف لە باسی هەوێتی و ڕەگەز و مرۆڤایەتیدا لە پرسی کورد و خەبات و بەرخودان دا، چەوساندنەوەی نەتەوەکەی وێنا

دەکا و فلەش بەک فلەش بەک دەگەڕێتەوە:
لەم مێژووە پڕدووکەڵە
چۆن دووکەڵی ماڵ سووتان و تۆپ باران و کیمیا باران
لەنێو ئەم ڕووبارە لێڵە
چلۆن ئاو و فرمێسک و خوێن
لە یەک جیا دەکرێتەوە؟
تۆ لەنێو خەونی ژیاندا دەخولێیتەوە!

یان بە ڕەخنە و گازندە وێنەیەک لە بێکەسی نەتەوەکەی دەکێشێتەوە و ڕوحی ناسک و برینداری بە پەڕاوی شێعر دەلاوێنێتەوە و دەڵێ:

ڕەشترین قولەی ئەفریقام
بۆچی بەمن پێ دەکەنی خۆ ڕەنگم نا
باسی بەختم دەکەم بەختم
تەنیاترین مرۆڤی قەڕەباڵغی ئەم دونیایەم
باسی ڕۆحم دەکەم ڕۆحم
بێکەسترین لەدایک بووی سەر ئەم خاکەم
دە بەس قاقام بۆ بکێشە
باسی شێعرم دەکەم شێعرم

مارف لە تراویلکەدا واز لە خوازە و ئیستعارە دێنیت و ئەوەی کاک سوارە لە خەوەبەردینەدا بە تەمولێڵی هۆنیەوە، ئەو بە زمانێکی ساکار، وشەگەلی سانا و بە دەنگێکی بەرز ناوی دێنێ و خەباتی لەپێناو دەکا(ئەوە ئەو سەردەمەیە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کەڵ بە موو بەند بوو).

بە تینوایەتی خۆم ڕادێم
ئەگە سەمای بریقەداری تراویلکەکام لێم گەڕێن
لە تەنیاییم دا دەپشکوێم
ئەگە هەناسەی پاییزی ئەم ئاشنا نامۆیانەم
لێ دوور کەوێ

هەر بە یادی تۆوە دەژیم ئەی «ئازادی»
ئەگە یادە تاڵەکانی ڕۆژانی نێو زیندانەکان
دەست لە ئازارم هەڵگرن.

مارف ئاغایی ڕووناکبیرێکی بێگەردی شاعیر و هەڵکەوتەیەکی جوانەمرگ بوو! نەمر کاک مارف بۆ من مامۆستای ژیان بوو.

# سەفەرێك بۆ هۆنراوەکانی حەزرەتی نالی

(١٨٠٠-١٨٦٥ی ز)

دەبێ بناخەی پێکهاتنی وێژە نووسراوەی کوردی سۆرانی بە هەوڵی میرنشینی بابان لە سلێمانی بزانین. ئەم ڕەوتە دوای هاتنە سەر دەستەلاتی عەبدوڵرەحمان پاشای بابان (١٨١٦ز) دەستی پێکرد. دامەزرێنەری ئەم ڕێبازە لە جوگرافیای میر نشینی بابان «مەلا خدر کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی میکایلی ناسراو بە «نالی»یە. وێژەی کلاسیکی سۆرانی، بەشێکی بەرچاو بریتییە لە هۆنراوەکانی نالی، سالم، کوردی و پێرەوانی ئەوان کە مەحویش یەکێک لەو کەڵە شاعیرانەیە. لەو ڕێبازەدا وەک ڕێبازی ئەحمەدی کۆر کێشی عەرووزی لە ڕووخسارە جۆراوجۆرەکاندا دەهۆنرێتەوە و کایەی زمانی پێدەکرێت. بەڵام جیا لە سەنعەتە ئەدەبیەکان ئەوەی کە شایەنی ئاماژەیە ئەوەیە کە لە سەردەمانێک دا کە شاعیران و نووسەران زۆرتر بە زمانی عەرەبی و فارسی دەیان نووسی، ماموستا نالی بە هۆنینەوەی شێعری عیرفانی و چامە بە زمانی سۆرانی، برەوی بەم زمانە و ئەم ڕێبازە داوە. نووسین و خوێندنەوە بە زمانی زگماکی ئەویش لەم ئاستەدا کە نالی تاقی کردووتەوە، هەر بە تەنیا ئەزمونێکی نووسین و خوێندنەوە نەبووە، بەڵکوو ئەزموونێکی وجودی و ئەگزیستانسییەل بووە. کوردی نووسین و کوردی خوێندنەوە بۆ خوێندەواری کورد ڕێگایەکی نوێ بۆ ڕوانین لە جیهانی دەورووپشت و تاقی کردنەوەی گۆشەنیگایەک بووە کە پێشتر یا دەرفەتی نەبووە یا زۆر کەمتر ئەو شانسەی هەبووە تاقی

بکرێتەوە. گۆڕینی زمانی نووسین و خوێندنەوە تێکەڵ بووە دەگەڵ کۆمەڵە ئەزموونێکی قووڵی ئەگزیستانسییەلی وەک گۆڕینی گۆشە نیگا، گۆڕینی جیهان ژین و گۆڕینی هەست و سۆز دەرحەق بە دیاردەکانی جیهانی دەورووبەر و گۆڕینی جیهان بینی.

ئەگەرچی ڕەخنەگران زمانی نالی بە نارێک و تێکەلاوێک لە زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی دەزانن بەڵام ئەوەمان لەبیرنەچێ کە نالی زیاتر لە ١٥٠ساڵ پێشتر ئەم هۆنراوانەی نووسیون! ئەو کات زمانی کوردی لەوپەڕی بێکەسی و غەوارەیی دابووە، جا نەک هەر زمانی کوردی بەڵکوو زمانی فارسی هەر ڕێک عەرەبیەکی سواو بووە، بەڵام ماموستا نالی شارەزووری زۆر وەستایانە و شارەزایانە توانیوەتی لە ماتەوزەی وشەکان کە لەبەر دەستی دابووە شاکاری سەردەمی خۆی بخولڤێنی و بە لەدەوری یەک کۆکردنەوەی وشەکان ڕستەی مەوزوون پێک بێنیت و ئێستاش ئێمە فەخری پێوە بکەین!

کۆڵێک هەستی پڕ لە خەمی ناسک! باوەشێک ڕستە و گڕی دەروون و پێڕێک بێی زەرد لە جۆری وشەی مزر و دڵی تەڕ! لە هەناوی هەر هەموو شێعرەکانیدا، ڕاستی و خەیاڵ، تەوژمی هیوا، هەست و خولیای ئەوین و خۆشەویستی و ڕەگی ڕەسەنایەتی بۆتە سێبەری قەڵەم و ڕمب و زی بۆ شەوەزەنگی ئەنگوستە چاو. نالی پۆڵ پۆڵ گوڵی زەرد و سوور لە ناو مێرگی کەسکی زناویدا پێشکەشی بیر و هزری تینووی خوێنەر دەکا.

شاعیر دەخوازێ بە جوانترین وشە و ڕستەی مومکین قسەی دڵ و بیروباوەری خۆی بکاتە پۆڕێک تیسووی گوڵاوی کە بە لێ نزیک بووونەوەی دڕک و داڵی تیژی، خوێن لە جەستە و ئەنگوستەکانی جەرگی ڕەشانگ بێنێ. مەخابن سەرجەم ئەو حەسرەت و خەم و بۆسۆی دەروونانە ئەو ئێش و ئازارانە ئێستاش

بەرۆکی ئەویندارانی گرتووە و پێت وایە ئەمرۆیە و بۆ دڵداری ئێستا نووسراوە.

خامەی نالی، شنەی وشە و بۆنی خەیاڵ و شەمامە و ڕێحانەی حەبیبی سلێمانیی دێنێ، دلێ پڕ لە هەست و گڕکانی هزری لە شارەزووری نێو نیگادا ژان دەگرێ و هەڵدەکوتێتە سەر «جیلوەدەری حوسن و جلەوکێشی تەماشا»، ئەوە کۆتری ناسکی خەونە شەقەی باڵی دەگاتە تەشقی ئاسمان و باڵ دەگرێ سنوور دەستکردەکان دەبڕێ و ناوەستێ، ئاخۆ بڵێی پێنووس بتوانێ نازی «خەونی مەستوورە» بکێشێ؟!

مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عینابێ ...

ئەم ئەوین خۆشەویستییە هەر بۆ ژن نەبووە و دەستەڵاتی ئەودەمی کورد (بابان) ڕووگەی دڵی بووە هەر بۆیە دەفەرموێ:

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامێن گیری شاهی ئاسەفی سانی دەکات ...

شاهی ئاسەفی یەکەم حەزرەتی سولەیمان بووە کە وەزیرەکەی ئاسەفی کوڕی بەرخیا بووە و مەبەستی لە شاهی ئاسەفی دووهەمیش، سلێمان پاشای بابانە

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن.

کاتێک لە شام بووە، میرنشینی بابان دەڕووخێت و دەنگ و باسی ڕووخانەکەی پێدەگات، شاعیریش کۆشکی هیوا و ئاواتەکانی تێک دادەڕمێ، ئەو دەزانی ئیتر خۆشی سلێمانی نەما، حەبیب و دۆست و ئەحبابەکانی جارانی نەما لەو دەمە دا دەبێتە گڕ و ئاگر هەر بۆیە سالمی هاوڕێ بۆی دەنووسێ:

توخوا بڵێن بەو حەزرەتی نالی دەخیلی بم

بەو نەوعە نەکا بە سولەیمانییا گوزەر.

نالی لە وێنا کردن بە ڕێگای وێکچوون هەروەها لە کەڵک

وەرگرتن لە مانا و «جیناس» لە هۆنراوەکانیدا لە ناو شاعیرانی کورد بێ هاوتایە. شێعرەکانی نالی پڕن لە وەسف، خوازە، وێکچواندن و وەک کانیاوی شەتاو تەڕ و هەست و مچوورکی خۆشی دێنێت، ماموستا زۆر شارەزایانە مەرکەبی بەسەر پەری سپی دا هەڵڕشتووە و شاکاری خوڵقاندوو. لەلایەکی ترەوە ئۆگری نالی بە حافزی شیرزای ئەوەندە زۆر بووە کە تەنانەت بە حافزی کوردان دەناسرێ و دەگوترێ نازناوی نالی لەم بەیتەی حافز وەرگیراوە کە دەڵێ:

«کوه اندوه فراقی به چه حالت بکشد
حافظ خسته از ناله تنش چون «نالی» است»

لە بەشێک لە شێعرەکانی دا بە ڕوونی هاوتەریب بوونی هۆنراوەکانی نالی و حافز دەبینرێن وەک:

حافز دەڵێ:

بی مهر ڕخت ڕوز مرا نور نماندست
وز عمر مرا جز شب دیجور نماندست
هنگام وداع تو ز بس گریه که کردم
دور از ڕخ تو چشم مرا نور نماندست
می‌رفت خیال تو ز چشم من و می گفت
هیهات از این گوشه که معمور نماندست
وصل تو اجل ڕا ز سرم دور همی‌داشت
از دولت هجر تو کنون دور نماندست
نزدیک شد آن دم که ڕقیب تو بگوید
دور از ڕخت این خسته ڕنجور نماندست
صبر است مرا چاره هجران تو لیکن
چون صبر توان کرد که مقدور نماندست
در هجر تو گر چشم مرا آب ڕوان است
گو خون جگر ڕیز که معذور نماندست
حافظ ز غم از گریه نپرداخت به خنده

ماتم زده ڕا داعیه سور نماندست
و ماموستا نالیش ئاوا دەیقۆزیتەوە:
شەوی یەڵدایە، یا دەیجوورە ئەمشەو؟
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو؟!
دڵم وەک حاکمی مەعزولە قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە، بۆیە
لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
کە تۆی شای کەج کولاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو؟!
لە خەو هەڵسا یا ئاڵۆزە چاوت؟
هەمیشە وایە، یا مەخموورە ئەمشەو؟
سرووشکم نەقشی چاوی تۆ دەکێشێ
جێگەم سەر دارەکەی مەنسوورە ئەمشەو
موسلمانان دەپرسن حاڵی «نالی»
لە کونجی بێ کەسی مەهجوورە ئەمشەو.

بە گشتی پێکهاتەی هۆنراوەکانی ماموستا نالی تێکەڵاوێک بووە لە هۆنراوەگەلی:

١. ئەویندارانە (دلْداری) وەک:

گوڵبنی قەددت لە قوبەی سینە غونچەی کردووە
غونچە بەم شیرینییە قەت نەیشەکەر نەیکردووە
نەخلی باڵات نەوبەرە، تازە شکۆفەی کردووە
تۆ کە بۆنی شیرت لە دەم دێت، ئەم مەمەت کەی کردووە!؟
قامەتت نەخلە، بە شیری، فائیقەی پەی کردووە
نەحلی بێ نێشی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە
نەخل و ڕوومان پێکەوە، یا باغەبان وەی کردووە
سەری هێناوە لە سێف و بەی موتور بەی کردووە!
بۆ مەمک «نالی» چ مندالە وەی وەی کردووە

گەرچی مووی وەک شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە
خۆش بە هەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخەی کردووە
کیزب و توهمەت، ئیفترا و بوهتان کە تۆبەی کردووە.
یا لە هۆنراوەیەکی ترا دەفەرمویٚ:
عاشقی بیٚ دڵ دەناڵیٚ، مەیلی گریانی هەیە
بێشکە، هەورە تریشقە، تاویٚ بارانی هەیە
چاوی من دەم دەم دەڕێژیٚ، ئاوی ساف و خوێنی گەش
دا بڵێن دەریای عومانە، دوڕ و مەرجانی هەیە
پەرچەمی ڕوو دادەپۆشیٚ، پێچی زولفی پێچەیە
دا بە ڕۆژیش پێی بڵێن، شەمعی شەبوستانی هەیە
ئاسمانی حوسنی مەحبووبم لە ئەبرۆ و زولف و ڕوو
دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە ...
٢. وەسف (بۆ بەهار و دیمەن و سرووشت و ... ).
گەرمی و تەڕی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵاڵەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە
لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبیٚ
ناوی کە پڕ خەڵووزە، بە شەبنەم گەشایەوە
گوڵزاری ئەوا، کە هەرچی دەمێکی بۆ پێکەنی
غونچەی گەشە، کە یەعنی گرێی دڵ کرایەوە ...
ئەمە بەیتەشی بەناوبانگە:
تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نویٚ
دڵ، چوونکە میسلی غونچەیە، بۆیە دەپشکویٚ ...
٣. نزا و پاڕانەوە لە خوا.
ئەی جیلوە دەری حوسن و جلوکێشی تەماشا!
سەر ڕشتەیی دین بیٚ مەدەدی تۆ نییە، حاشا
فەییازی ڕیازی، گوڵ و میهر و، مول و لەعلی
ئەی شەوقی ڕووح و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا!
زەڕاتی عوکوسی کەششی میهری جەلالن

وا دێن و دەچن سەرزەدە سوڵتان و شەھەنشا ...
٤.یادی نیشتمان.
قوربانی تۆزی ڕێگاتم، ئەی بادی خۆش مروور!
ئەی پەیکی شارەزا بە ھەموو شاری — شارەزوور!
یا زۆر بە خەمەوە دەفەرموێ:
عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێنەگەیی، ئێستە خەمۆشم
لەو گەردەن و عیقدە کە پڕە گەردەن و گۆشت
بەو پێیە کەنارم کە پڕە دامەن و کۆشم
وەک تووڕەیی پێچیدەیی تۆ ساغ و شکەستەم
وەک نەرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم
سەرخۆشی شەرابت دەمی تۆ بووم و، ئەمێستاش
قوربان، سەری تۆ خۆش، کە نەماوە سەری خۆشم ...
٥.لاواندنەوە و پێداھەڵگوتنی پاش مردن.
سەیلی ھیجرت، بەردی بنچینەی لە ڕەگ ھێنامە دەر
باری فیکرت، قەددی ڕاستی تێک شکاندم وەک فەنەر
شیری ئەبرۆت، تیری غەمزەت، وا لە جەرگم کارییە
دێت لە تۆفانی دوو چاوم، لەت لەتی خوێنی جگەر
چاو و دڵ شەڕیانە، نازانم خەتای کامیانە! خۆ-
تا بەداری کەم، دەری کەم، بیخەمە شین و چەمەر
نووری چاوم! چاوەکەم بێ نوورە بێ تۆ، زەڕەیی-
خاکی دەرگاکەت ببێژم، بیکەمە کوحلی بەسەر ...
٦.مەدح و بە شان و باڵ ھەڵگووتن(مەدحی سپای بابان).
... سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتی شوعاعن
حەڵقە کە دەبەستن وەکوو خەرمانەیی ماھن
نەرگس نیگەە و ساق و سەمەن، کورتە بەنەفشەن
موو سونبوول و، ڕوومەت گوڵ و، ھەم لالە کولاھن ...

## کوێخای قەرە

*شرۆڤەیەک بۆ کورتە چیرۆکی مچەی کەچەی کاک قادر وریا*

دەقی ئەو بەسەرهاتەی قادر وریا نووسیوێتی و بە ناوی «مچەی کەچەی» لە فەیس بووک داینابوو، خوێندمەوە.

ڕاویی ئەو بەسەرهاتە (قادر وریا)، کەسایەتییەکی خۆشناو، سیاسی، تێکۆشەرێکی دێرینی نێو ڕیزەکانی شۆڕشی مافخوازی نەتەوەی کوردە کە لە سەردەمێک دا گەزاف نیە بڵێم بە تاقی تەنیا ڕۆژنامەی «کوردستان»ی وەک هەلووک هەڵدەسووڕاند! و لە پانتایی نووسینی شۆڕش دا، مەیدانداریی دەکرد. کاک قادر نووسەری پڕ کاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ژنان، منداڵان و ... دا، بەو قەڵەمە پڕ برشت و بەهێزەی لاپەڕەیەکی زێڕینی بۆ خۆی، حیزب و نەتەوەکەی تۆمار کردوە. خامەی کاک قادر و نووسینەکانی وا بەهاسانی پلاریان تێ ناگیرێ! و دەبێ کەسێک بی وریا دەنا لە حاند بیروهزری نووسینی کاک قادر کەم دێنییەوە.

بەڵام لەمانە بترازێ، زمانی نووسراوەکە (بەسەرهاتی مچە) زمانێکی ساکار و خۆماڵی و ئاوێتەیەکە لە بن زاری سۆرانیی شنۆییانە! جا چونکە منیش خەڵکی ئەو دەڤەرە جوانەم، توانیم باش پێوەندی بە نێوەرۆکی بابەتەکەوە بکەم، هەمیسان چونکە جوغرافیای بەسەرهاتەکە و ڕەنگبێ بەشێک لە خەڵکەشی باش دەناسم، لە ناخەوە ڕۆچووبوومە ناوی. بەسەرهاتی قارەمانی چیرۆکەکە (مچە) پڕ لە تراژێدیای ژیانی ئینسانێکی کوردی

دەیەکانی پیشوویە مچە نموونەی لاوێکی هەژار و دەستکورتی کوردە کە نەریتی کەون و پاشکەوتووی باووکاڵی ئێمە خوویان پێ گرتبوو و کەم و زۆر بەم شێوەیە هەڵسوکەوتیان دەکرد. زۆرێک لە قسەکانی کوێخا بۆ هەمووومان ئاشنان.

قادر وریا، زۆر خۆمانە و خۆماڵیانە دەردی دڵی منداڵان و مێرمنداڵانێک کە لەم قۆناغەی تەمەنیاندا دەنێردرێنە بەرقازان، مانگا و گامێشیان پێ دەلەوەڕێنن، یا خەریکی کاروباری ژیانی پڕ کوێرەوەریی لادێن، بەجوانی وێنا کردبوون. گێڕانەوەکەی پڕ بوو لە تەسویر و هەستێکی نۆستالۆژیکی بۆ من هەبوو. منی گەڕاندبۆوە سەردەمی مناڵیی خۆم. سەردەمی دستپێکی شۆڕش و ئەو ڕووداوانەی سەرەتای شۆڕش. بەڵام من پێم وایە بە گشتی مەبەستی کاک قادر لەم گێڕانەوەیە، وەفا و ئەمەگناسییەک بوو بۆ هەڤاڵی سەردەمی مناڵیی خۆی. ئەوەتا لە کۆتاییشا ئەو کۆدە ئاشکرا دەکات کە زۆرێک لە نووسینەکانی کاتی خۆی بە ناوی «م، ڕەوانپاک» نووسیوە و هەر وەک یادێک بۆ هاوڕێی ڕوحسووک و قەت بە ئاوات نەگەیشتووی خۆی، پیشکێش بەوی کردوە.

بەلام ئەگەر ژینی «مچە» پڕ بووە لە نەهامەتی و سەرکوتی باوک و چەوساندنەوە، بێگاری و لانەوازی، هەر لەو قۆناخدا و هەر لەو چەشمەگۆلەی شوێنی بەسەرهاتەکە، سەرئەنجامی ژیانی ڕاویی چیرۆکە ڕاستەقینەکەمان(کاک قادر وریا)، ڕێک بە پێچەوانە بووە. وا نەبووە کە هەر هەموو بنەماڵەکان ئاوا مناڵی خۆیان بچەوسێننەوە و بە گژی دابێن و وا بکەن مناڵ خۆی بکوژی. ئەی ئەوە نیە میرزا قادر پێدەگا و دەبێتە کەسایەتییەکی نەک چەشمەگۆل و شنۆ و سندووس، بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش.

ئەگە مچە چەوساوەی دەستی نەریتی قێزەونی ئەو سەردەمەیە، وریا خەریکە ئەو کۆنە برینە سارێژ بکاتەوە و ببێتە مەڵحەمێک

بۆ سەر نەهامەتییەکانی مچەکان. دیاردەی دزێوی نەریتە کۆن و باوەکانی ئەو سەردەم تایبەت بە کوردستان نەبوون لە بەشی هەرە زۆری سەرگۆی ئەم زەوییە کلتووری باوک سالاری و چەوساندنەوە باو بووە، بەڵام دەگەڵ ئەوەی ئێمەمانان دوو جار چەوساوینەوە(جارێک لە لایەن بنەماڵەکانمان و جارێکیش لەلایەن حکوومەتی داگیرکەرەوە) ئێستا دەبینین لەو کوردستانە بندەستە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و پەروەردەی منداڵ لە خێزاندا ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە.

بەم هۆیانەی باسم کرد منیش پێم خۆش بوو بێتەفاوەت بە لای «مچەی کەچەی»دا ڕانابرم و شتێکی لە سەر بنووسم و سپاسێک بکەم لە وەفای نووسەر بۆ هەڤاڵی منداڵی و مێرمنداڵیی خۆی و، ئاوڕدانەوەی لە ئازارو مەینەتەکانی ژیانی کورت و چارەنووسی تاڵی «مچەی کەچەی»

# وقار

## کورد، لە گەمەی نێودەوڵەتیدا

ئێمەی کورد میراتگری سەرجەم ئەو هاوبەشیانەین کە ڕابردووی ئێمە دەگەڵی ژیاون و ئێمە دەبێ شانازیان پێوە بکەین و بەردەوام پارێزەریان بین، بنەڕیتی ترین و گرینگ ترینیان، هەستی نیشتمان پەروەری و ڕێز گرتن لە خاک و نەتەوەیە. ئەم بەهایانەن کە کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردی پێویستی پێیەتی و بناخە و ڕەگی گەشەی وڵات پارێزی و دێمۆکراسی مەدەنی بۆ نەتەوەکەمان بە دیاری دێنیت. سەرەکیترین هۆکاری گەشەی هەستی ناسیونالیستی نەتەوەیەک، بوونی ئاڕمانێکی دیاریکراو و تۆکمەیە، مرۆڤ بە بێ ئاڕمانج ناتوانێ بژیت.

لە سەدەکانی نێوەڕاست، مەسیحیەت لە ئوروپا برەوی هەبوو، بە لاواز بوونی کلیسە ئەوە ڕووحی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری بوو کە توانی سەربازانی ئازا پەروەردە بکات و فیداکاری بۆ نیشتمانیان بکەن. ماکیاڤێڵ باوکی سیاسەتی مۆدێرن دەڵێ: حاکمێک کە بیهەوێ هێز و دەستەڵاتی هەبێ دەبێ هەموو کات باش بێ ئەمە خاڵێکە کە لە شایستەسالاری دا دەیبینین، بۆ ئەوەیکە کەسێک بگاتە بەرزترین پلە دەبێ لە باقی خەڵکانی تر باشتر بێ بەلام باش بوون بە چ پێناسە و پێوانەیەک؟ باش بوون بەو مانایە کە بەهەر شێوەیەک بتوانی دەستەڵات ڕابگری و هێزت لە دەست دا بمێنیت بۆ ئەوەیکە گەل و نەتەوەکەت سەربەست و ئازاد بکەی. وەسواس بوون بۆ پاراستنی ئەسلی ڕەوشتی ئەویش بە هەر نرخێک بێ زۆر گەوجانەیە، تۆ دەبێ

هیزت هەبێ هەتا بتوانی باش بی. ئێمەی کورد لەوەتا هەین و بە تایبەت دوای سەردەمی ڕەوشەنگەری و چاخی ناسیونالیزم ‹ئەخلاق گەرایی› وەک سیاسەتێکی نەگۆڕ ڕەچاو کردووە، بەڵام مەخابن هەمووکاتێکیش دۆڕاوین! گرینگترین ئارمان و دووره دیمەنی سیاسەتی کورد دەبێ فیداکاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێ، ئازادی و سەربەستی نیشتمانی کورد پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ورد و داڕێژتنەوەی سیاسەتێکی نوێیە. ئێمە دەبێ باش لەوە تێبگەین کە ناپێلئۆن گوتەنی دۆستی ئێمە بەرژەوەندیەکانمانە نەک هیچ کەس و لایەنێک، پێویستە ئێلیتی کورد و سیاسەت داڕێژانی بزانن هیچ وڵات و نەتەوەیەک پشتیوان و یارمەتیدەری نابێ مەگەر بۆخۆی نەبێ. ئەگە چاوێکی خێرا بە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو دا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ وڵاتێک بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی دۆستی کورد نەبوونە و بەرژەوەندیەکانیان زۆرتر دەگەڵ داگیرکەرانی کورد هاوتەریب کردووە، جار نا جارێکیش کە سیلەی ڕەحمیان بزووتووە و بە گۆشە نیگایان ئاوڕێکیان لێ داوینەوە، بە دڵنیایەوە کاریان بە ئێمە بووە کە دوامینیان شەڕی داعش بوو کە کورد توانی وەک یەکەم نەتەوە ئەفسانە و ئوستوورەی داعش تێک بشکێنێ. بەرخودان و بەرگری پێشمەرگەکانی باشوور کرا بە چیرۆک و فیلم! بەڵام سەرکردایەتی کورد لەو بەشە نەیتوانی بەو هەمووە دەرفەتەی کە لە دەستی دابوو ئیمتیاز وەربگرێ یا دەنا لابیگەریەک لە جیهانی سیاسەتدا بۆ خۆی پەیدا بکا، ئابووری خۆی بەهێز بکا. ڕۆژئاواییەکان تەنانەت ڕێفراندۆمێکی ڕەوا و مەشروعیان لە ئێمە شک نەبرد. ئەوان تەنیا کاتێک یارمەتی ئابووری و ماڵیان بە ئێمە دا کە کردمانە فیشەک و شەڕن پێ کرد، شەڕی پاریس، بێرلین، لەندەن و واشنتۆن. کاتێکیش کاریان تەواو بوو شیمیایی و فاشیستیان تێ بەردان. وێنەی لەبیر

نەکراو، کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان بوو، کاتێک بریتانیا و ئەمریکا و شوورەوی بەرژەوەندیان نەما شۆڤنیزمی فارسیان بەرهەڵا کرد بە لەشکر و چەکی ڕۆژئاوایەکان هاتنە سەرمان و سەرکردەی لێ لە سێدارە داین و خوێنی خەستی لاوی کوردیان ڕژاند. ئێمە دەبێ لەوە تێبگەین کورد هیچ کات وەک هاوپەیمانێک بۆ ڕۆژئاوا سەیر نەکراوە و هیچ کاتیش نەمانتوانیوە بەرژەوەندیەکانمان دەگەڵ قازانجی ئەوان ڕێک بخەین و تەنیا بە باریقەڵایەک ساویلکانە سەرخۆش بووین! ئەگە بمانەوێ خەسار ناسیەکی سەرقامکی بکەین، ئاماژە بەو خاڵانە پێویستن و کورد دەبێ هەرچی زووە بیرێکی لێ بکاتەوە ئەگە دەیهەوێ سەری لەناو سەران دیار بێ و بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵاتی مافی سیاسی و سەروەری وڵات بە زەحمەتی خۆی بە دەست بهێنێ:

١. دامەزراندنی ناوەندێکی ئەمنیەتی و سیخوری بە هێز نەک هەر لەناوخۆ و بە دژی خەڵکی خۆمان؛ بەڵکوو لە پێتەختی وڵاتانی زلهێز، لەناو کۆنگرە و سێنا و سەرۆکایەتیەکان. دەبێ دەزگای پاراستن و ئاسایشی کورد درز بکاتە ناو هەموو سیاسەتمەدارانی دونیا و سیاسەتمەداری کورد بتوانی خۆی لە هەموو سات و سەودای سیاسی، ئابوری و ئەمنەیەتی و ... لە دونیا تێوەگلێنێ.

٢. پتەو کردنی ئابووریەکی تۆکمە و بەربلاوی سوسیالیستی لیبراڵ (نەک بە بیرۆکەی ئەحزاب و هزری چەپی کۆمۆنیستی پاشکەوتوو کە لە جیهانی سەردەم دا تەنیا پاشقوڵی وڵاتانی تێکدەر و نابەرپرسیارن و ڕێک وەک ئیسلامیەکان بیر دەکەنەوە)، دەبێ هەموو هێز و داهاتەکەی دەدەست سەرکردایەتی دابێ بۆ ئەویکە بتوانی تەماحی هاوپەیمانان بجووڵێنێ.

٣. گەڕانەوە سەرجەم ئەو کەسانەی لە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت ڕۆژئاوا دەژین و لە بوارە جۆاوجۆرەکانی زانستی

ئابووری، سیاسەت، ئەمنیەت و ... شارەزان (وەک ئەوەی ئیسرائیل کردی).

٤. سەرمایەگوزاری ساماندارانی کورد لە ناوەندە جیهانیە پڕکاریگەرەکان بە مەبەستی زەخت هێنان بۆ پشتیوانی لە دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردستان.

٥. کڕینەوەی سێناتۆر، پارلمانتار، وەزیر و سیاسەتمەداری وڵاتانی دیار و دەست ڕۆیشتوو و کردنیان بە پارتنێر و شەریک و لابی.

٦. بەرەیەکی یەکگرتوو بە هاوبەشی هەموو هێزەکانی چەپ و ڕاستی کورد (هەڵبەت جیا لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کە نوێنەرایەتی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەن بۆ تێکدانی شیرازەی کورد و نیشتمانەکەی و باوەڕیان بە کورد وەک نەتەوە و تەنانەت سروودی نەتەوایەتیشی نییە کە ئەگە خۆیان کۆ نەکەنەوە دەبی کۆ بکرینەوە) تەنیا بە مەبەستی بەرژەوەندی کورد و کوردستان بەبێ هیچ فێڵ و تەڵەکەیک دەگەڵ خۆمان پێک بێین و دیاردەی خیانەت کە مێژوومانی تەنیوە بێ دوودڵی و لەبەرچاوگرتنی هیچ بنەمایەک بوێرانە لەناو بەرین.

٧. گەشەی سیستمی پەروەردە و ڕاهێنان، بارهێنانی منداڵی ژیری کورد بە ڕوانینێکی نیشتمان پەروەرانە و ناسیونالیستی بۆ خزمەتی سادقانە بە گەل و نێشتمان تێگەیاندنی زارۆکی کورد لە زمان، ڕابردوو و مێژووی باوکاڵی خۆی وەک کۆڵەکەیەکی بەهێزی نەتەوەیی.

بەداخەوە دەبێ ئەوە بڵێم بە باوەری من ئەگەر ئەو پرۆژەیە بەم زوانە جێ بە جێ نەکرێت دەبێ چاوەروان بین کەنگێ وەک ئەرمەنیەکان کە ژینوساید کران ئەوهاش ئێمەی کورد بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و زیاتر هەم خاکمان هەم وەک تاک، خەڵکی کورد لە ناو بچێ و لە جیهانی بێ ڕەحمی ئابووری و سیاسەت دا ئاسەمیلە بین و هەموو دەسکەوتەکانی کە هەتا

ئێستا له دەستمان دان له ناوەخۆ و دەرەوە لە دەست بدەین.

له کوردستانی تورکیه تاکە هێزی سیستماتیک و ئامادە لە مەیدان، پارتی کرێکارانی کوردستانە کە بەحەق توانیوەتی تەنزیمات و تەشکیلاتێکی فرەباش لەناو خۆیدا دروست بکات و بە ڕوانینێکی ئایدۆلۆژیانەی تۆخی ئاپۆیزم پارتەکەیان بەڕێوەدەبەن کە کەلێن و بۆشیایی ئەمنیەتی لەناوخۆیدا گرتووە، دیسیپلین و نەزمی بەڕێوەبەری لە ژێر و لە ژوور پەیت و تۆکمە و پەرداخە، بەڵام هەزار حەیف و مەخابن تا ئێستاش ساخ نەبووتەوە ئەریّ پارتێکی ناسیونالیستە یا ئەنتێرناسیونالیست؟ سیاسەتی دەرەوەی یەکجار ناڕوونە، دیار نییە دەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوایە یا دەگەڵ ڕووس و ئێران؟ بۆخۆشیان سەریان لیّ شێواوە و نازانن گەمەی سیاسەت بکەن دەگەڵ ئەوەیکە پتانسیەلێکی باشی هێز و ئابووریان هەیە، بەداخەوە دەبیّ بڵێم کورد بە ڕەهەندی پەکەکە دا قەت بە ئاوات ناگات تاکوو ئاڵوگۆری لە سیاسەت دا نەکەن.

خاڵی بەرامبەر پارتی کرێکاران، حیزب گەلی ڕۆژهەڵاتن، ئەم حیزبانە (بە تایبەت دێموکرات و کۆمەڵەکان) دەگەڵ ئەوەیکە لە گوتار و سیاسەت و نامە و بەیانامەکانیان دا سیاسی و ژیرانە دەجووڵێنەوە و وێدەچی شتێک بزانن بەڵام مەخابن نە هێزیان هەیە و نە ئابووری سەربەخۆ، نە جوغرافیای ڕاوەستاو و نە تەشکیلاتێکی بەهێز و پاراو. پارتەکانی کوردستانی ژێر دەستی ئێران(ڕۆژهەڵات) تەنیا بە تیوری و قسە لە مەیدانی خەبات دا چالاکن ئەگەینا ناتوانن سیاسەتە کلاسیکە باوەکانی خۆشیان پراکتیزە بکەن هەر بۆیە سیاسەتی حیزبگەلی ڕۆژهەلات بیّ سەرووبەرەیە و لە داهاتوی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا نادیار دەمێنەوە.

# ئاسایشی نێونەتەوەیی
# (National Security)

بەشی (١)

پێناسەی چەمکی «ئاسایش» (security) بە واتای پاراستن لە دەستدرێژی کردن و داگیرکردنی زۆرەملێ و بەبێ ڕەزامەندییە یان بە واتایەکی تر حاڵەتی ئاسوودەیی و ئارامی لە مەترسی و هەڕەشە دایە، یان ئامادەیی بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەی هەر جۆرە هەڕەشە و هێرش کردنە سەرێکە. تەناهی یان ئاسایش لە گرینگترین پرسەکان و پێداویستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، بەم شێوەیە کە نابێ مرۆڤەکان بە هیچ جۆرێک ترس و دڵەڕاوکەیان بە نیسبەت ماف، ئازادی، ژیان و هتد هەبێ. پێویستی و گرینگی هەبوونی ئاسایش بەم پێناسەیە لە کۆمەڵگادا لە سرووشتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ و پێویستی ماف و ئازادییە ڕەواکان، پاراستنیان لە دەستدرێژی کردن و ڕەوگیرکردنیانە.

پێناسەی چەمکی ئاسایش لەلایەکەوە زۆر ئاساییە وەک ئەوەیکە هەموو مرۆڤێک ئاسایش و نا ئاسایش بوون هەست پێدەکات بەڵام لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزی و بەربڵاوی پێناسە و تایبەتمەندی جۆراوجۆری خۆی هەیە. هەر بۆیە لە زانستی ئاسایش دا هەوڵ دەدرێ چەمکی ئاسایش دابەش و پۆلێنبەندی بکرێ و هەرکام لە لک و پۆپکەکانی واتای تایبەتی خۆی بۆ دابنرێ؛ بۆ وێنە، (کۆڵەکەی ئاسایش، مەترسی ئاسایش، بەرهەم هێنەری ئاسایش، کەرەستە و جۆری بەدەست هێنانی ئاسایش و هەروەها لە کۆتایی یا ن خودی ئاسایش) گرینگترین

بناغەی ئاسایش، سەرچاوەی ئاسایشە، سەرچاوەی ئاسایش ئەم پرسیارە دەخوڵقێنێ کە؛ ئاسایشی کێ؟یان چ شتێک؟

بەشێکی تر لە شەن کردنی چەمکی ئاسایش دەگەڕێتەوە سەر مێتۆد و جۆرەکانی ئاسایش، کە لە چەندین ئاستی جیاواز و مەزن خۆیان دەبینێتەوە ، ئەم ئاستانە بریتین لە ...

١. ئاسایشی جیهانی
٢. ئاسایشی نێونەتەوەیی
٣. ئاسایشی ناوچەیی
٤. ئاسایشی نەتەوەیی
٥. ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی
٦. ئاسایشی گشتی
٧. ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی
٨. ئاسایشی تاک و بە کۆمەڵ و ...

بۆ چوونە ناو باسەکەمان سەرەتا پێویستە لە ئاسایشی نەتەوەیی تێبگەین و دواتر باس لە پرسی ئاسایشی نێونەتەوەیش بکەین.

ئاسایشی نەتەوەیی(National Security)، هەر وڵاتێک بۆ بەدواداچوون بۆ، سیاسەتەکانی نەتەوەیی خۆی دەبێ ڕوانینێکی ڕوون لە ستراتیژی نەتەوەیی خۆی هەبێ، ستراتیژی نەتەوەیی کۆمەڵێک لە هەڵبژاردنەکانن کە بە پێی ئیمکانات و کووڕییەکانی نەتەوەیی بە مەبەستی نەتەوەیی وێنا دەکرێن بەم جۆرە دەبێ دوو جۆرلە ستراتیژی دیاری بکرێن

ئا. ستراتیژی گەشەی نەتەوەیی.
ب. ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی.

بە پێی ئەم ڕوانینە لە ستراتیژی گەشەی نەتەوەیی دا، وڵاتان بەدوای ئامانج گەلێک دادەگەڕێن کە زەمانەتی گەشەی ئابووری، ئاوەدانی و ئەو دیاردانە بێ ،بەڵام لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان ئامانج و مەبەستیان ئەوەیە کە ئاسایشی سیاسی و نیزامی بۆ مانەوەی خۆیان ڕەچاو بکەن.

ئەمڕۆ کەم تا زۆر لە هەموو وڵاتان پۆلیسی سیاسی بوونی هەیە کە ئامانج لێی پێش گرتن لە ڕەخنەی گوزارگەل (عوامل) جووڵەیی (محرک) و وێرانکەر و سیخور بۆ ناو وڵات و سەرکوتی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای نایاسایی پڕ مەترسی دیسیپلینی سیاسی وڵات دەشێوێنن. هەرچەندە ڕێژیم تۆتالیتەرتر بێ هێزی پۆلیسی سیاسی و ڕووبەڕوو بوونەوەی پڕ لە توندوتیژیش لەو نیزامە دا زیاتر دەبێت، کە تێدا بەرهەڵستکارانی خۆیان بە «دوژمنانی ئاسایشی نەتەوەیی» یا ناوی لەم جۆرە ناو دەبەن.

بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئەو ئامانجە گشتیانەن کە گەل لە ڕێگای بەدەست هێنانی دا چالاکی دەکات. بەرژەوەندی کۆمەڵگا هەر هەمان ئەو خێرە هاوبەشەیە کە لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی کۆمەڵایەتی باشترین ژیانی هاوبەش لە نێوان تاکەکان بە بێ کێشە و گرفت و گەلی جۆراوجۆر دەستەبەر دەکات. چەسپاندنی ئەم خاڵەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەستێنی لەبار هەبێ بۆ پێکەوە کار کردن و متمانە لە نێوان دەوڵەت و نەتەوە. لێرەدا، ئەمنیەتی نەتەوەیی دەبێتە، کۆمەڵێک توانامەندی (سروشتی، نا سروشتی) نیزامێک بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی نەتەوەیی کە نەبوونی هەڕەشە و مەترسیەکان بەرایی گەیشتن بەم ئامانجەیە، بەکورتی دەبێ دان بەوە دابنێین کە ئاسایشی نەتەوەیی زۆر لە سەروترە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی هەموو وڵاتێک.

ئاسایشی نەتەوەیی ئاماژەیەکە بەو پێویستیانەی کە مانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بە بەکارهێنانی هێزی ئابووری، سوپا و توانایی سیاسی و کەڵک وەرگرتن لە کەرەستەی دیپلۆماسی بپارێزیت. ئەم کانسێپتە، چەمکێکی ئەمریکاییە کە لە ساڵەکانی دوای ١٩٤٥ وە ڕمێن کەوت. لە جیهانی ئەمڕۆدا مانا و پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی کارێکی زۆر دژوار و ئاڵۆزە، ئارنۆڵد وۆڵفێرزمی دەڵێ: «ئاسایشی نەتەوەیی

هێما و ئێلێمانێکی تەماوی یە کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێ مانایەکی ڕێکی بۆ دابندرێ». بە ڕوانینی ڕابێرت مەندێڵ: تواناکانی نەتەوەیەک بۆ پاراستنی بایەخ و بەها ناوخۆییەکان لە بەرامبەر بایەخ و بەها دەرەکیەکانە کە ئەمەش لە بەرامبەر هەڕەشە دەرە کییەکان شێوە دەگرێ. ئەمرۆ هیچ کام لە وڵاتان بۆ دابین کردنی تەناهی نەتەوەیی، تەنیا لە بەرامبەر مەترسییە نیزامیەکان ناوەستێ، بەڵکوو هەمووجۆرە مەترسی و هەڕەشەیەکی سیاسی، ئابووری، کلتوری، ڕەوانی، ڕاگەیاندن و ... لەبەر چاو دەگیرێ.

بەڵام ئاسایشی نێونەتەوەیی (International Security)، مۆدێلێکە کە تێدا هێزەکان لە حاڵەتی بەرامبەر و بە بێ دەستدرێژی کردن بۆ سەر سنوورەکانی یەکتر بەسەر دەبەن و ئەم ڕەوشەش نابێ بکەوێتە مەترسییەوە، هەرکاتێك یەکێک لەو هێزانە پێی لە بەڕەی خۆی درێژتر کرد، لە بواری هێزەوە و یان هێزەکانی دژبەرەوە، ئاسایشی نێونەتەوەیی هەڕەشەی دەکەوێتە سەر و مەترسی دایدەگرێت. بە ڕوانینێکی تر، ئاسایشی نێونەتەوەیی بە کۆمەڵێک هەوڵ و تێکۆشانی دەوڵەتان و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی، وەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بۆ دڵنیا بوون لە مانەوە و ئاسایشی وەک یەکە، دەگوترێ.

ئەم هەوڵانە بریتین لە بەرەنگار بوونەوەی نیزامی و ڕێکەوتنەکانی دیپلۆماتیک وەک گرێبەستەکانن. ئاسایشی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندی دان. ئاسایشی نێونەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی یا ئاسایشی دەوڵەت لە ئاستی جیهانی دا دەژمێردرێ. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەم، بەستێنێکی خوێندەوەی نوێ کە لەسەر ئاسایشی نێونەتەوەیی جەخت دەکاتەوە، دەستی پێکرد. ئاسایشی نێونەتەوەیی وەک کەرتێکی سەربەخۆ دەستی بە خوێندەوە و

توێژینەوە کرد بەڵام لەگەڵ ئەمەش وەک ژێرلکی «پێوەندی نێودەوڵەتی» دەژمێردرێ. ئەم کەرتە جیا لەو باسانەی ئاماژەمان پێکرد لەسەر بابەت گەلی وەک «خوێندەوەی ئاسایشی»، توێژینەوەی ئاشتی و هتد کار دەکات.

لە جیهانی ئەمڕۆدا پەیوەستیەکی لە ڕادەبەردەری ئابووری لە نێوان حکومەتەکان و کێبرکێی گەشە سەندووی جیهانی لەسەر بەرژەوەندییە ئابووریەکان، بووتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و شەڕ لە نێوان زل هێزە جیهانییەکان، هەرچەندە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی شەڕی سارد دا ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی ئەگەری زۆر کەمترە بەلام دەبینین کە جۆری شەڕەکان بۆ مۆدێلی شەڕی ئابووری گۆڕدراوە. لەم نێوەدا بۆ یارمەتی دان بە مانەوەی دەسەڵاتەکان، پێشکەوتن و بوونی هێزمەندانە لە جیهانی سەرمایەدا، دەزگا سیخوری و جاسووسیەکان ڕۆڵێکی یەکجار زۆر بەرفرەوان و بنەڕەتی و مۆدێرن دەگێرن. ئابووری وەک یەکێک لە بناغەکانی حکومەت و مانەوە و خۆڕاگری دەسەڵاتەکانە هەر بۆیە لەلایەن ناوەندە هەواڵگرییەکان بایەخێکی زۆری پێدەدرێ و هەول دەدەن چۆنیەتی گەشەی ئابووری وڵاتان بزانن و لەوە تێبگەن کە وڵاتانی دژبەر لە بواری ئابووریەوە لە کام بەش دا بە هێزن و لە کام بەش دا لاوازن.

## ئاسایشی نێونەتەوەیی

بەشی (٢)

ڕۆڵی ڕێکخراوە هەواڵگرییەکان بۆ پاراستن و بازرگانی دەوڵەتان گرینگی تایبەت بە خۆی هەیە. هەبوونی زانیاریەکی زۆر لە بواری ئابووری و نیزامی وڵاتێک لەلایەن وڵاتی ڕەقیبەوە، دەتوانێ بەرژەوەندی و ئاسایشی ئابووری ئەو وڵاتە بخاتە مەترسیەوە کە بەشێکیان بریتین لە ...

١. توانایی کێبرکێ
٢. ڕادەی سەرمایە گوزاری (بەتایبەت لە بەشی دەرەکی)
٣. ڕادەی چەک و چۆڵ و کەرەستەی نیزامی
٤. چۆنیەتی گەشەی ئابووری و نیزامی
٥. توانایی بەرهەم هێنانی ئابووری و نیزامی
٦. خاڵە بە هێز و لاوازەکانی ئەم دوو چەمکە

هەر بۆیە کۆ کردنەوەی زانیاری لەم بوارانە دا بابەتێکی گرینگ و پڕ نهێنییە کە ئەگەر بکەوێتە دەستی دژبەر، ئەوا پەتت وەسەر ئاو دەکەوێ! کاتێک شەڕێ ئێران و عێراق دەست پێدەکات، بۆ ماوەی هەشت ساڵان عەمبارەکانی دراوی ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت ئیسرائیل و ئەمریکا پڕ دەبن لە دۆلار، لە ئاکامی ئەو شەڕەدا سەدان ملیارد دۆلار قازانج وەدەست ئیسرائیل دەکەوێ کە هەموو کاروباری بازرگانی بە چەک و چۆڵەکان لەلاین سرویسە سیخوری و هەواڵگرییەکان دەکران، ئەوان بوون توانیان خزمەتێکی باش بکەن بە ئابووری وڵاتانی خۆیان و بە فرۆشتنی کەرەستەی نیزامی کۆنە و

قۆڕازە بە ڕێژیمی ئێران وەک مانگا بیدۆشن و شیری لێ بگرن!. نمونەیەکی تر و هەرە بەرچاو ئەو گەمارۆیانەی سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، هەواڵگرییەکانی وڵاتانی دژی ڕێژیمی ئێران بە تایبەتی CIA و MOSAD وەها چوونەتە ناو ڕەگ و بناوانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمی ئێران کە تەنانەت دەرفەتی ئەوەشیان پێنادرێ بیر لە ڕێگایەک بکەنەوە کە خۆ لەو گەمارۆیان دەرباز بکەن و بە نهێنی و بە قەولی خۆیان لێدەنەوە، خێرا بە زانیاری تەواوە وە، پیلانەکەیان ئاشکرا دەبێ و لە داو دەکەون، نەوت هەڵگری «گریسی ۱» کاتێک دەخوازێ زیاتر لە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت بگوازێتەوە و هیچ کەس جگە لە بەرپرسانی بەرزی وزارەتی نەوت و دەزگای زانیاری ئاگاداری ئەو جووڵەیە نین، لە دەربەندی «جەبەڵوتارق» دەستی بەسەر دادەگیرێ!، ئەمە یانی کارەسات لەناو سیستەمی ئیداری و هەواڵگری ئێران ڕوویداوە و بەسەر یەک دا ڕووخاوە.

کاتێک کە بنیامین نتانهایۆ لە ساڵی ۲۰۱۸ لە حەفتاوسێهەمین دانیشتنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان باس لە «قالی شووییەک» دەکا لە «تورقوزئاباد» (نزیک تاران) و گوتی ئەم شوێنە کە زۆرتر وە کەلاوەیەکی چۆڵ و فەرش شۆریەک دەچێ، جێگای کۆ کردنەوەی ئۆرانیۆمە، بەرپرسانی باڵای ئەو ڕێژیمە بەتایبەت دەزگای دیپلۆماسی دەرەوە بە تانە وتەشەر پێدەکەنین و گاڵتەیان دەهات، بەڵام ئەو ماوەیە دەرکەوت کە قسەی نتانیاهۆ ڕاست دەرچووە و ئەوە پشکێنەرانی ئاژانسی وزەی ناوەکی؛ خڵت و شوێنەواری ئەم ماکەیان لەوێ دۆزیویتەوە. ئەوە بە واتای ئەمەیە کە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا زۆر باشتر لە جەنابی وەزیری دەرەوە و بەشێکی زۆر لە کاربەدەستانی بەرزی ئێرانی ئاگاداری کاروباری نهێنی ئەو وڵاتەن!

دەزگا نهێنی و سیخورییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا وەها ڕۆچوونەتە ناو سیستمی سیاسی، ئابووری و نیزامی ئەم وڵاتە، کە ئێستا هەموولایەک لە یەکتر وەشک کەوتوون و ڕۆژانە دەبینین بە ناو و پاساوی جۆراوجۆرەوە کەسانی پایە بەرزی سیاسی و ئابووری تەنانەت نیزامی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە دەگیرێن و بێ سەروشوێن دەکرێن.

ڕێکخراوە هەواڵگرییەکان دەتوانن لە ڕێگای دانی زانیاری لە جێگای خۆیدا، ڕەوشی بازار و باقی بەشەکانی بەرهەم هێنان و بازرگانی و بازاری دراوی ئەو وڵاتەی کە مەبەستیانە کۆنترۆڵ بکەن، نمونەیەکی تربازاری ئاڵۆز و شپرێوی دۆلار لە ئێران، بە جۆرێک نرخی دۆلار لە ماوەیەکی کورت دا نزیک ٢٠٠٪ زیادی کردووە، تەنانەت دەزگا هەواڵگرییەکانی ئاماژە پێکراو ڕۆڵیان لە ژن و ژن خوازی و دانی مەدرەکی ئاکادێمی و بەخشینی پووڵ و پارە بە بنەماڵەی بەرپرسانی پلەی یەکی ئێرانی چ لە دەرەوە چ لە ناوخۆ هەیە. ئێستا سیستمی گەندەڵی ئێران وەک مشکی ئازمایشگایی لێ هاتووە بۆ دەزگای سیخوری و ئاسایشی ئەمریکا و ئیسرائیل!

بەشێک لە شارەزایان لەسەر ئەم باوەڕەن لەگەڵ ئەوەیکە دوای شەڕی سارد، لە ڕادەی کێبرکێی کەرەستەی نیزامی کەم کراوەتەوە بەڵام مۆدێلی شەڕەکان ئاڵووگۆڕیان بەسەر داهاتووە و شەڕی نەرم و ئابووری و سیخوری ئێستا لە بوورس دان. بەستێنی چالاکیەکانی سیخوری و جاسووسی نەک هەر بە تەنیا پرس گەلێکی نیزامی و سیاسییە بەڵکوو بابەتی وەک کۆمپانیا تایبەتەکان(کەسی)، نهێنی بازرگانی و ئابووری، گەشە و پێشکەوتنە پیشەییەکان بە تایبەت لە کەرتی کۆمپیوتەر و ئینتێرنێت دا و هتد. «بووزمەن» لەسەر ئەو باوەرەیە، ئیتر دەوڵەتەکان لە جیهان دا تەنیا بڕیارڕدەرانی کایەی سیاسەت نین و ڕادەی بڕیاردەرانی ناحکومی وەک

گروپە ئەوپەڕ نەتەوەییەکان(فرە نەتەوەیی)، ڕێکخراوەکانی ئابووری نێودەوڵەتی و ناحکومی و ... زیادیان کردووە، ئەو پێیێ وایە، وێڕای ئەو هەمووە لێڵی و ڕووداوە ڕاستیانەی ژینگەی جیهانی بۆ ئاڵووگۆڕی سیاسەتی دەرەکی سەربەخۆ و بەهێز، حکومەتەکان ناچاران لە هاوڕێیانی خۆیان لە دەزگا سیخوری و هەواڵگرییەکان کەڵک وەرگرن.

ئەوەی گرینگە ئەمەیە کە ڕێکخراوەکانی هەواڵگری بتوانن بە دەست وێڕاگەیشتن بە زانیاری و بەکەڵک وەرگرتن لە هێزی شرۆڤە و شەن کردن و پێشبینی ڕاست و دروست، بەستێنێکی لەبار بۆ بڕیاردانێکی ئاوەزمەندانە بۆ سیاسەتمەدارەکان ئامادە بکەن.

لە قۆناغی ئێستادا زۆر کەس لە خەڵکی ڕەشۆکی و بازاری، بەردەوام ئەم پرسیارە دووپات دەکەنەوە، ئەدی بۆ ئەمریکا لێی نادا؟؟!! لە نەستی کۆمەڵگا دا لێدان و گورز وەشاندنی تەنیا بە مووشەک و ساروخ و فڕۆکە دەکرێ، ئیتر بەشێکی زۆر لە خەڵک لەوە تێناگەن، لە سیاسەتی ژوورە تاریکەکان و پشتی پەردەی ئەوەی ئێمە دەبینین، شەڕ دەمێکە دەستی پێکردووە و تەنانەت ڕێژیمی توتالیتەری ئیسلامی ئێران، بە چۆک داهاتووە و هەر تەنیا ڕواڵەت و قاپێلکەکەی ماوە، ئەو هەمووە پەلەقاژەیەی دەشیکەن هێمای لە گیانەڵڵا دابوونیەتی! بەڵام مەخابن ڕەوتی ئۆپۆزسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە گشتی و بەتایبەتی کورد، هێشتا خۆیان لە گەمەی ئاسایشی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی نەدۆزیوەتەوە و بەداخەوە لەم سۆنگەیەوە هیچ کارێکیان هەتا ئێستا لە دەست نەهاتووە. نەبوونی سیستمێکی نهێنی سیخوری و ئاسایشی، نەبوونی پێکهاتەیەکی بەهێز و ڕێک و پێک و بە بەرنامە، گرینگی نەدان بە پرسی ئابووری و شەڕی نەرم و فەزای سایبێری، ونبوونی پارتنێر و لۆبی و ... وایکردووە لە پشکدار بوونی بە

ڕۆژی، شەڕ لەگەڵ ئێران بەو فاکتەرانەی باسمان کرد، وەدوا کەون. تەنانەت باشووری کوردستانیش تووشی ئەم سەرلێشێواوی و ئاڵۆزییە بووە، لەگەڵ ئەوەیکە هەرێمی کوردستان بە نیسبەت بەشەکانی تری کوردستان(هەڵبەت بەو ئیمکاناتە باشانەی کە هەیەتی و وەک حکومەتێک هەڵسووکەوت دەکات) بە ڕواڵەت دەزگای زانیارای و سیخوری هەیە بەڵام کارکردی ئەم ناوەندانە تەنیا مەسرەفی ناوخۆیی هەیە و هەر بۆ خەڵکی کورد کاری پێکراوە. خۆ تێهاویشتن دە گۆمی هاوکێشە سیاسیەکان و چوونە ژووره تاریکەکان، پێویستە بە زانستی ئاسایشی نێونەتەوەی هەیە. کورد دەبێ باش ئاگاداری، کارکرد، تایبەتمەندییەکان، چۆنیەتی گۆران و ئاڵووگۆڕەکان، دانوستاندنەکان و هتد بێت دەنا لەم دەرفەتەی بۆی ڕەخساوە لە سیاسیەتی نێودەوڵەتی دا سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە.

*بۆ بەڕێز شاعیر و ڕۆماننووس*

## بەختیار عەلی ...

هەر لە قەسیدەی نیشتمانت ڕا مرۆڤ دەزانیٚ کە چەندە وڵاتەکەت خۆش دەویٚ و چەنێک ئازاری ئەم ئاخە ئۆقرەت لیٚ هەڵدەگریٚ. خوش بە حاڵت هەموو ئارەزووەکانت، سەرجەم ڕق و قینت دەتوانی بکەی بە وشە و نەرم نەرم بەسەر دوژمنی دابدەی. خۆشحاڵی مەبادا کەسێکت لە شەڕ دەگەڵ دوژمن کوشتبیٚ! دواهەمین هەناری دونیا سحرێکی ئەرخەوانی ڕەشە! ئادگاری دەستەڵات وێنا دەکات و شاری موسیقارە سپیەکانت، لێڵ و تەماویی دەچێتە هەناوی براوی کۆمەڵگاکەت و لە مەرگی جەمشید خانی مامیشت دا مێژوو دەنووسیتەوە. لە بیر و هزریش دا بە گژ «لاکان» دا دەچیتەوە و مێرانە دەخوازی لەو کەشە چەق بەستووە و دسکردەدا خۆت دەرباز بکەی و بە بەردەنگت بڵێیٚ دەتوانی خۆت لە کۆت و بەندی «ئەوەی تر» ڕزگار بکەی و ئیدەی نویٚ دەورووژێنی. ئەمانەت هەمووی پڕ پڕن لە جواناسی و زانستی هێرمۆنۆتیک هەڵدەگریٚ. تۆ لە قەڵەم ، وشە ، ڕستە و نووسینا پێشەنگ و ئاوانگاردی. خەمی نیشتمان، ئەوینی کورد و برینی دڵی دایک و مناڵی کورد هەوێنی خەون نامەی خامەتە و هەر لە خۆت جوانە و شا قەڵەمی وشەت ئاوەدان.

بەڵام توو کوردستان قەسەم، لیٚ بگەریٚ با سیاسەت و شەڕ، سەرکردە و پێشمەرگە و شەرڤان بیکەن، ئیتر ئەمە کاری ئەو چینە لە کۆمەڵگایە کە خۆی تێدا دیوەتەوە. یا لانیکەم ئەگەر

من بام بە چاویلکەیەکی ڕەنگی و دووربین هەڵوێستم دەگرت. لەو نامەیەی بۆ خوێندکارانی کورد لە ئوروپا نووسیوتە جوان چەمکی گلوباڵ و گلوبالیزاسیۆنت شی کردۆتەوە بەڵام بۆچی خۆت لە پێناسەی ڕەسەنی ناسیۆنالیزم دزیویتەوە؟ و وەهات باس کردووە دەڵێی بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادی نەتەوەی کورد ڕەوشت و ئەخلاق ڕەهەندە، مافی مرۆڤ و گەلان و هتد؟! ئەخلاق ئەخلاق ئەخلاق هەر لە ژانر و دەقی ویژەیی و ڕۆمان و شیعر دەوەشێتەوە ئیتر سیاسەتی پێ ناکرێ ماموستا، بە قەولی ک.د.ئازادی شاعیری ڕۆژهەڵاتی ...

کەمترین تاوانی ڕەخنە لە دەستەڵات
تەنیا مەرگە
ئەو قەڵەمەی لە ئازادی گەلان دەدوێ
زۆر بە جەرگە!

ئەو هێرشەی دەوڵەتی تورک تەنیا و تەنیا پاکتاو کردنی ڕەگەزی نەتەوەی کورد و داگیر کاریی ئەو نیشتمانەیە کە تۆ خاک و خۆڵەکەشی دەپەرەستی و هیچی تر. ناسیونالیزم گەلێک دیو و ژووری هەن کە ئەوەی تورک لایەنێکیەتی و ئێمەی کوردیش هەتا ئێستا بە ڕوانینی ئەخلاق، نەکوشتن، هێرش نەبردن و هەر بەرگری و بەرگری و بەرگری نیشتمان پەروەری خۆمان کردووە ، بۆیەش ئاوا حاڵمان خۆشە. ئەگەر بۆ جارێك ئێمەش هێرشمان بردبایە سەر دووژمن، هەمەدان و مەراغە و مووسل و حەڵەب و ئیستانبوڵمان گرتباوە بەو نەخشە جوگرافیایە نیوە کوردستان دۆڕاوی ئێستامان دەگەیشتین. ئەگەر بۆ جارێک پیر و لاوی دوژمنانمان سەر بڕیبان و ماڵ و مەزرامان لێ ئاگر دابان و بووک و زاوامان لە سێدارە دابان و گڕی پیرۆزی تۆڵە و قینی هەزاران ساڵەمان پیرۆز کردبا، نەک هەر تۆڵەی ئاستیاگ و قازی و لەیلا و شێخان و خاوەر و مەزڵووم و ملیۆنان کوردمان دەکردەوە ، بەڵکوو

ئێستا لە سەر کیانی سەربەست و ئازادی خۆمان ئێمەش لافی دیموکراسی و ئەخلاقمان لێدەدا. پێداگری لەسەر ئاشتی و لەسەر بەکارنەهێنانی چەک، پێداگری لەسەر مافی مرۆڤەکان و نەتەوەکان کاتێک بەدیدێت کە «ئەوەی تر"یان بەرامبەرەکەت باوەری پێی هەبێ. بەڵێ ڕاستە فاشیستەکان نابێت بمانکەن بە فاشیست بەڵکوو دەبێ ئەم قینە بکەین بە ڕقی پیرۆز و کورد گوتەنی جوابی شەق، پێلاقە بێت! کورد هەتا بەو ڕاستییە نەگات کە ماف نادرێت و دەستێندرێت قەت بە ئاوات ناگات و هەر دەبێ ئەوها بچەوسێندرێتەوە ئەو ڕستانەی جەنابت هەر بۆ شێعر و ڕۆمان جوانن. چۆنیەتی مردنی جەنابت گەلێک فەلسەفی و شاعیرانەیە بەڵام دەزانی منیش دەخوازم چۆن بمرم؟ منیش پێم باشە وەک مرۆڤێکی شۆرشگێری نیشتمان پەروەر بمرم نەک وەک کەروێشکێکی دەست و لاق بەستراوی فریو دراو! بەسە ، چی تر با لە پلاتفۆرمی قوربانی و بەستە زمانی و مەزلومی چاومان لە هانای وڵاتانی گلوبالیزستی نەبێت، بەسە با نەهێڵین چی تر شوڤنیزم و فاشیزمی تورک و عەرەب و فارس خاک و خۆمان قڕ بکەن. بەرگری لە کەرامەت و نامووس و خاک و خەڵکم نە قەدەرە و نە خێرێکی ئینسانییە، ئەمە ئەرکە ئەرك. نەمر د.قاسملوو دەفەرموێ گەلێک ئازادی بوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات.

ئیمەی کورد ئەگەر دەمانهەوێ بە مافی خۆمان بگەین دەبی بکوژین دەنا دەکوژرێین دەبێ هێرش بەرین دەنا دەمانگرن دەبێ یەخەی زاڵم بگرین و خەفەی بکەین، دەنا پێمان پێدەکەنن و دیسان ئەشکەنجە، سێدارە، شاربەدەر، کیمیایی، گەلی زیلان، قاڕنێ و چارەرەشی و نەهامەتی و هتد بەشی کوردە!!! با بۆ جارێک کورد بین و خۆمان ئازاد بکەین.

*بە سوپاسەوە*

## بۆ مەلا عەلی قەرەداغی

دەمێک بوو دانم لەسەر جەرگم داگرتبوو و لەهەمبەر هەڵوێستەکانی جەنابی مەلا عەلی چاوم نووقاندبوو، گوێم گرتبوو و هەر پیشم دەخواردەوە. لەوەتا دەوڵەتی ئیسلامی شام و عێراق(داعش) لە پڕێ بوو بە کوڕێ و دواتر وەک بڵقی سەرئاو بە دەستی پیرۆزی پێشمەرگە و شەرڤان تەپەی هات! مەلا عەلی و هاوبیرانی بە جێگای نوێژ کردن و بەڕۆژوو بوون پەیتا پەیتا لە ڕوانگەی خۆیانەوە ڕاوبۆچونیان لە سەر کورد و هێرشکاریەکانی زاڵمان بۆ سەر کورد دەربڕیوە و هەمووکاتێک بە پشتیوانی پڕ لە شوورەیی لە دوژمنان و نەیارانی کورد بە ناحەق شاهیدیان داوە و کوردیان فرۆشتووە. ئەمجارەش گوایا جەنابی مەلا لە تویتێکدا دیسان شەکری شکاندووە! ناوبراو دوای دانیشتنی ئەمریکا و تورکیا لەسەر مژاری ڕۆژئاوا و گەیشتن بە نیمچە ڕێکەوتنێک کە هێشتا دیار نییە کورد قبوڵی دەکا یا نا جارێکی تر وەک کەسێکی تورک بۆ ئەوەی سەوڵەی بۆ زیاتر بکەن داوای کردووە پێ ملی ئەم ڕێکەوتنە بن کە لە دەوڵەتی ئیسلامی تورکیا کراوە!.

ئەوە هەموو جیهان بە ئیسلام و گاور و ڕاست و چەپەوە بۆ پشتیوانی لە بەرگری پیرۆزی کوردانی ڕۆژئاوا دەنگیان هەڵبڕیوە و ئەوەی لە دەستیان هاتووە لانیکەم بە پێی توانا هەر نەبێ بە قسە، هەڵوێستیان هەبووە و هێرشی داگیرکاری تورکیایان مەحکوم کردووە. بەڵام پێدەچێ مەلا لە گوێی گا دا خەوتبێ و لەبەر بەرژەوەندییە مادیی و کورسی گەرمی زانایانی ئیسلام و جنسیەی وڵاتی قەتەر و تورکیا، هەر بەرەو

کادێنیَ دەخشێت! خۆ من چاوەروانیم لە کەسانی بەکرێگیراوی ماستاوچی وەک تۆ نییە بەڵام لانیکەم ئەگەر گولیش نین درک مەبن.

من ڕێزم بۆ سەرجەم ماموستایانی ئایینی کورد هەیە کە بە درێژایی بزووتنەوەکانی کورد نیشتمان پەروەرانە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان تەرخان کردووە و مێرانە بەرگریان لە مافی کورد کردووە بەڵام بەڕاستی بەداخەوە ئەو کەسانە زۆر کەم بوونە و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. لە بەرامبەریشدا سەدان و هەزاران مەلای ئایینی هەبوون و هەن کە بە دژی خاک و گەل و نیشتمانی خۆیان، خۆیان دەکۆشی دوژمنانی قەستە سەری کورد هاویشتووە و لە بەرژەوەندی تورک و عەرەب و فارس لە سەنگەری ئیسلام خەڵکی ساویلکەی ڕەشوروتی پێ فریو دەدەن و جاشایەتیان ڕەچاو کردووە! بەڵام با من مزگێنیەکتان بدەمێ ئەی ئەو بەناو ماموستایانەی ئایینی ئیسلام کە لە ژێر عەبا دا بۆ پارووە نانێک مەردایەتی لە پێناو تاوێک دەفرۆشن یا ئەو جاشکۆلانەی چاو بەرەوژێری دەستی چەپەڵی دوژمنن، ئێستا خەڵکی کورد وریا بووە و لە بەشی هەرە زۆری پیلان و فرت و فێڵەکانتان تێدەگات. ئیتر نەتەوەی کورد بە خۆشیەوە ئەوەندەی باوەر بە خورافات و چیرۆک و درووشمی هەڵخەتێنەر نەماوە، ئێوە مانان ڕووی ڕاستی خۆتان بەو ئاکارانە دەرخستووە و ڕووی کەسانی وەک مەلای خەتیشتان سپی کردووە، ئەگەر مەلای خەتی جارێک خیانەتی بە بزاڤی کورد کردبێ ئێوە هەموو ڕۆژێک خیانەت بە کورد دەکەن و باوەر و عەقیدەی ئیسلامیشتان ڕەش کردووە.

مەلا عەلی و هاوبیرانی لە بەردەم ویژدانی نەتەوەی کورد دا دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، خواش بۆ خۆی کەیفی خۆیەتی لە دونیاکەی تردا چی لێدەکا!!

بە پێیَ دەقە پیرۆزەکانی قورئان کە جەنابت لێی شارەزای و

عەرەبیەکەت لە کوردیەکەت باشترە شوکری خوا، دەفەرموێ: «أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا» المائدة: **٣٢**. هەرکەسێک مرۆڤێک بە بێ تاوانی قەتڵ یا گەندەڵی لە سەر ئەم زەوییە بکوژێ وەک ئەوە وایە کە هەموو مرۆڤێکی کوشتبێ و ...»

باشە ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕوو دەدا جگە لە بە ناحەق کوشتن و تاڵان کردنی سەرووماڵی کوردی بەستەزمان نەبێ چی ترە؟ ئایا ئەمە زوڵم نییە دەوڵەتی فاشیستی تورک بەرامبەر کوردی مەزڵووم دەیکا؟ ئایا ئەمە مسداقی کوشتنی مرۆڤایەتی نییە؟

لە باسی بەرگری لە شەرافەت و نامووس و خاک و نیشتمان دا خوا چ دەفەرموێ؟؟ پێت بڵێم؟!

«أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ» الحج: **٣٩-٤٠**. ئیزنی بەرگری لە خۆ بەو کەسانە دەدرێ کە شەڕیان بەسەر دا سەپاوە (چوونکە زوڵمیان لێ کراوە، ئەمانە چەنێکە خوێنی دڵی خۆیان دەخۆنەوە و پشوو درێژ بوونە) خوا بە توانایە کە ئەمانە سەرکەوتوو بکات».

و حەدیسێکی تر کە باس لە شەهید بوونی ئەو کەسانە دەکا کە لە پێناو پاراستنی نامووس و نیشتمانی خۆیان گیانیان فیدا دەکەن. یا خۆشەویستی نیشتمان چەندە پڕ بایەخ و گرینگە کە دواهەمین پێغەمبەری خوا (س خ) دەفەرموێ: «حب الوطن من الایمان».

سەردەمی خۆی حوجرەکانی کوردستان ناوەندی کوردایەتی و سەنگەری بەرگری لە شەرافەتی کورد بوون، ئەو چەند ماموستا بەشەرەفانەی کورد کە ڕووی ئیسلامیشیان سپی کرد لەم ناوەندانە دا پەروەردە بوون و ژیانی خۆیان فیدای خەڵک و خاکی خۆیان کرد و هەتا هەتا بە مەزنی یادیان دەکرێتەوە. بەڵام کەسانی وەک تۆ دەبێ لە چ بێشکەیەکدا پەروەردە کرابن کە نە ئیسلام و نە شەرافەتی کوردایەتیتان هەیە و گوێ لە

مستی ئاغا و ئەربابەکانتانن، ئەوان چیان ویست پێتانی دەکەن بێ ئەوەی بیر بکەنەوە و تۆزێک ویژدانتان هەبێ. کاتی ئەوە هاتووە مەندیلەکەتان فڕێ بدەن و پەتی کۆیلەیی بپسێنن و بگەڕێنەوە باوەشی خەڵکی خۆتان ئێمە دڵمان گەورەیە و لێبوردەین با هەر نەبێ لە گۆڕدا ئاسوودەبن.



# BIJÎW

Nûsînî: SALIM HAQIQI
Amadekirdinî: JIYAN BAHRAMIAN

9 789189 439047 >

49 Books Publishing